# فەلسەفە و ئامانجی پرۆگرامەکانی خوێندن لە عێراق و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەرکوک ١٩٦٨ - ١٩٩١


پ.د.پشکۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری*          جهانگیر محمد جبار**



وشە کلیلییەکان: پەروەردە، فەلسەفە، پرۆگرام، کەرکوک، خوێندن

https://doi.org/10.31271/jopss.10097



### پوختە

فەلسەفە و ئامانجی پرۆگرامەکانی خوێندن لە عێراق و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەرکوک، وەک بابەتێکی مێژوویی دیاریکراو کە تێیدا لەگەڵ ئەوەی باس لە شێوازی پرۆگرامەکانی دەوڵەتی عێراق دەکات لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعس، کە ئامانجی زیاتر بەعساندنی هاوڵاتیانی عێراق بووە، هەر لە سەرەتاکانی تەمەنیەوە دیارە پەروەردەش بۆ حیزبی بەعس گرنگ بووە ئەو کارانەی تێدا بکات، جا ئەو فەلسەفە و پرۆگرامی خوێندنەی بەعس چۆن ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر تەواوی شارەکانی عێراق، بێگومان ئەو ڕەنگدانەوەیە لە کەرکوک زیاتر دەرکەوتووە، چونکە حکومەتی عێراق لەسەردەمی بەعسدا هەوڵی بەعساندنی ئەو شارەی داوە، پەروەردەشی کردبووە دەروازەیەکی سەرەکی خۆی بۆ بەعساندنی شاری کەرکوکی کوردستان. لەو ڕاستیانەی سەرەوە ئەم توێژینەوەیە دابەش کراوە بۆ (پێشەکی و سێتەوەر و ئەنجامێک) کە لەتەوەری یەکەمدا باس لە (پرۆگرامی خوێندن لە عێراق و قۆناغەکانی گەشەسەندنی) کراوە و تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ (فەلسەفە و ئامانجی پرۆگرامەکای خوێندن لە عێراق) لە تەوەری سێیەمدا کاریگەری ئەو سیاسەتانە لە سەر ڕەوشی پەروەردە لە کەرکوك خراوەتە ڕوو.



### ملخص

**فلسفة وأهداف البرامج التعليمية في العراق وانعكاسها على كركوك ١٩٦٨ - ١٩٩١**

فلسفة واهداف المناهج الدراسية فى العراق وتأثير انعكاساتها على مدينة كركوك، كموضوع تأريخى والحديث عن اسلوب وضع المناهج فى الحقبة الزمنية لسلطة البعث فى الدولة العراق والذى



* پرۆفیسۆر لە بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی pishko.tahir@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر لە بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی

كان الهدف طاهر والأكبر منه هو تبعيث المواطن العراقى و كانت التربية والتعليم ذات اهمية كبيرة لتحقيق هذا الهدف لحزب البعث. ولذلك كانت هذه الفلسفة فعالا من خلال المناهج الدراسية وكيفية تأثيرها على جميع المدن العراقية وبالأخص على مدينة كركوك واثرت عليها بشكل كبير، لان الحكومة العراقية فى زمن البعث حاولت تبعيث هذه المدينة وجعلت من التربية البوابة الرئيسية لتبعيث كركوك و كوردستان من هذه الحقائق الأنفة الذكر، قسمت هذا البحث الى (مقدمة وثلاثة مباحث واستنتاج) فى المبحث الأول نتطرق الى ( المناهج الدراسية فى العراق ومراحل تطورها) اما المبحث الثانى فخصصت ل(فلسفة واهداف المناهج الدراسية ) والمبحث الثالث يتحدث عن(تأثيرات سياسة بعث التعليمية وانعكاساتها على المسيرة التعليمية فى مدينة كركوك).


**Abstract:**

**Philosophy and objectives of educational programs in Iraq and its reflection on Kirkuk 1968 - 1991**

This current study entitled “The Aim and Philosophy of Iraqi Education Programs and their Reflections on Karkuk” is a historical research that studies the education programs in Iraq from the foundation of Iraq as a country, and more specifically during the Bath regime era. It is indisputable that the Bath regime aimed at encouraging and/or forcing the Iraqi citizens to join Bath Party through the education programs of the country. From the early dawn of Bath regime’s power in Iraq, they attempted to exploit the education programs and use them to serve the Bath party. Hence, education programs and aims affected all the Iraqi cities, specifically Karkuk city. The reflection of this policy is very visible in Karkuk city since Bath regime forcibly attempted to oblige the people of Karkuk to become members of Bath party. Accordingly, Bath regime exploited education sector to convert Karkuk from a Kurdish city into a Bathist city. Under the light of the above mentioned facts, the current study is divided into an introduction, two chapters and a conclusion. The introduction introduces the readership to the education programs in Iraq. Chapter one tackles the education program in Iraq and its development while chapter two tackles the philosophy and aim of education programs in Iraq and their effects specifically on Karkuk. The study ends with the conclusion reached.

## پێشەكی:

گرنگی و ئامانجی بابەت:ـ هەڵبژاردنی بابەتێک لە ژێرناونیشانی (فەلسەفە و ئامانجی پرۆگرامەکانی خوێندن لە عێراق و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەرکوک) وەک بابەتێکی مێژووی دیاریکراو، کە بەگەیشتنە دەسەڵاتی حزبی بەعسی عێراق دەستپێدەکات و بەراپەڕینی ئازاری ١٩٩١ی باشوری کوردستان کۆتایی دێت، گرنگ و پڕ بایەخە، چونکە لەو ماوەیەدا حزبی بەعس هەوڵیداوە فەلسەفە و بنەما فکریەکانی خۆی بخزێنێتە ناو تەواوی جومگە جیاوازەکانی کارگێڕی لە عێراقدا بە گشتی و کوردستانیش بەتایبەتی، بێگومان بۆ ناوچەکانی باشوری کوردستانیش هەوڵیداوە ئەو بنەمایانە بخاتەکار بەتایبەتی بۆ شاری کەرکوک.

هەڵبژاردن و میتۆدی بابەت:ـ هەڵبژاردنی بابەتی فەلسەفە و ئامانجی پرۆگرامەکانی خوێندن لە عێراق ڕەنگدانەوەی لەسەر کەرکوک وەک شارێکی باشوری کوردستان لەو ڕوانگەیەوە دێت، کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق بەگشتی و بەعس بەتایبەتی بخرێنەڕوو. چونکە لە ڕێگەی کەرتی پەروەردەوە هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوونی کەرکوک و بەعساندنی ئەو شارەیداوە، جگە لەوەش تاوەکو ئێستا ئاوڕ لەلایەنی پەروەردە و فەلسەفەی بەعس لە بواری پەروەردە لە ناوەندە ئەکادیمیەکان نەدراوەتەوە، لەگەڵ چەندین هۆکاری دیکەش. سەبارەت بە میتۆدی نووسینی ئەم بابەتە مێژووییە پشتبەستراوە بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی شیکاری بە سود وەرگرتن لە چەند میتۆدێکی تریش کە نزیکن لە بابەتەکەوە وەك میتۆدی سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی.

گرفت و گرنگترین سەرچاوە و ناوەڕۆکی بابەت:ـ نووسین و توێژینەوە دەربارەی هەربابەتێکی مێژوویی کۆمەڵێک گرفتی بابەتی خۆی هەیە، کە کەمی سەرچاوە و نەنووسینی یاداشت و بیرەوەری و لە ناوبردنی بەڵگەنامەکان لەلایەن حکومەتی بەعسەوە. بەڵام توێژەر بە پشتبەستن بە سەرچاوە جیاوازەکان بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵبووە، بێگومان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشت بە چەندین سەرچاوەی جیاوازی کوردی و عەرەبی بەستراوە وەک ( التربیة فی البلاد العربیة حاضرها و مشكلاتها ومستقبلها) لە نووسینی ( الدكتور عبدالله عبدالدائم ) و (تطور التعلیم الوطنی فی العراق) لە نووسینی (ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد) و (الفلسفة و السیاسة و الأهداف التربویة) لە نووسینی (صادق ابراهیم محمد) و (بەعسیزم و کورد) لە نووسینی (سۆزان کریم مستەفا) و (تیۆرییەکانی پەروەردە و فێربوون) لە نووسینی (یوسف عوسمان سەمەد).

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ پوختە و پێشەکی و سێ تەوەر و ئەنجامێک، بەم شێوەیەی لای خوارەوە: تەوەری یەکەم کە لە ژێر ناونیشانی (پرۆگرامەکانی خوێندن لە عێراق و قۆناغەکانی گەشەسەندنی)، تێیدا باس لە پرۆگرامەکانی خوێندنی عێراق کراوە چۆن بەعس ویستوویەتی لەو ڕووەوە، پەروەردە بەبەعسێنێ. تەوەری دووەمیش کە تەرخانکراوە بۆ (فەلسەفە وئامانجی پرۆگرامەکانی خوێندن) و تەوەری سێیەم (کاریگەری فەلسەفەی پەروەردەیی بەعس پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر کەرکوك)، لێرەدا بەوردی دەرئەنجام و کاریگەریەکانی ئەو سیاسەتانەی بەعس و ڕەنگدانەوەی لەسەر شاری کەرکوك خراوەتە ڕوو.

## تەوەری یەکەم : پرۆگرامەکانی خوێندن لە عێراق و قۆناغەکانی گەشەسەندنی

وەك ئاشکرایە پەروەردە لە هەرشوێن و بارودۆخیکدا بێت ڕەنگدانەوەی بنەما و ئاکارە ڕەوشتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە، بۆیە دەبینرێت سیستم و فەلسەفەی پەروەردەیی بەجیاوازی شوێن و کات گۆڕاوەو جیاوازە، بەردەوام لە گۆڕانکاری و نوێبوونەوەدایە. سیستەم(system) ئەو بنەما کارگێڕی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیانەیە کە بە بنەما و ڕێکخەری کرداری کار دادەنرێت (الحریر، ٢٠١٥، ل١٥)، سیستم لە ڕووی واتاوە کۆمەڵێك ڕەگەزی کارگێڕییە پێکەوە، وەك یەك یەکەی ڕێخراو کاردەکەن(مروان، ٢٠٢١). یاخود کۆمەڵێك بەشی جیاواز و پێکەوە گرێدراوە بۆ ئەنجامدانی کارێک تێدەکۆشێت (مروان، ٢٠٢١). لەو پێناسانەوە سیستم، واتا کۆمەڵە دەزگایەك کەپێکەوە گرێدراون و هەریەکەیان کار و ئەرکێکی جیاوازیان هەیە و لە پێناو ئامانجێکی گەورە ترو هاوبەش ئەنجامیدەدەن. بێگومان ئەو بەشانە و کۆی سیستمەکەش بە چەندین یاسا ڕێکدەخرێن، کە لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی ...هتد، ئەو کۆمەڵگەیەی کاری تێدا دەکات تەباو گونجاوبێت.

سەبارەت بە پەروەردە ئەوەی لەسەری وتراوە و ئەو پێناسانەی بۆی کراوە بەپێی ئایدۆلۆجیاو سیستمی حوکمڕانی وڵات دەگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەسەر یەك خاڵ کۆکن ئەویش ئەوەیە، پەروەردە واتا پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی داهاتووی وڵات و پرچەککردنی بەزانست، بەڵام ڕێگەکانی ئەم کردارە پەروەردەییە جیاوازە بە پێی ئایدۆلۆجیای وڵات و فەلسەفەی سیستمی حوکمڕانی وڵات دەگۆڕێت. چەمکی پەروەردە بە گۆڕانی سروشتی لێکۆڵینەوە دەرونی و کۆمەڵایەتیەکان و بەڕوانین بۆ تاکە کەس و کۆمەڵ و بەپێی کات و شوێن و داب و نەریتی کۆمەڵگە دەگۆڕێت ( حەمەد، ٢٠١٥، ل١٥). تێڕوانینی دەسەڵاتی سیاسی بۆ تاك و کۆمەڵگە و ڕۆڵیان لە بنیاتنانی وڵات و جۆر و چۆنێتی ئەو وڵاتەی سیستمی سیاسی دەیەوێت بنیاتی بنێت، شێواز و جۆری سیستمی پەروەردەیی دیاریدەکەن، کرۆك و چەقی سیستمی پەروەردەییش پرۆگرامەکانی خوێندنە، واتا ئەوبەرنامە و ڕێبازەی کۆی سیستمەکە لە خزمەت بەدیهێنانیدا دەبن .

دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەوە سەردەمێکی نوێی پەروەردەیی دەستپێکرد، کە جیاوازبوو لەوەی لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا پەیڕەوە دەکرا، بە شێوازێکی نوێ و ئامانج و کەرەستەی نوێ. ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتاکانی کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان و دەستپێکردنەوەی خوێندن لە عێراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دەست بەکاربوونی کاپتن (بۆمان) ١ وەك ڕاوێژکاری پەروەردەیی دەسەڵاتی ئینگلیز لە ٢٢/ئابی/١٩١٨، پاشان داڕشتنی یەکەم پرۆگرامی خوێندنی سەرەتایی لە نیسانی ١٩١٩(احمد، ١٩٦٨، ل١٦). کە پشتی بە سیستمی خوێندنی وڵاتی میسر بەستبوو(ساطع الحصری، ١٩٦٨، ل٦٨)، پێویستە لێرەدا ئەوە ڕوونبێت کە دەسەڵاتی ئینگلیز دوو جۆر خوێندنی هێنابووە ئاراوە، قوتابخانەیەك بۆ ئەو قوتابیانەی توانای پارەدانیان هەبوو و بە پارە دەیانخوێند، جۆری دووەمیش قوتابخانەی هەژاران بوو بۆ ئەو قوتابیانەی توانای ئەوەیان نەبوو بە پارە بخوێنن(احمد، ١٩٨٢، ل٩٩). بەڵام سەبارەت بە خوێندنی ئامادەیی تەنانەت بیریشیان لێ نەکردبووەوە بە بیانووی ئەوەی نەمامۆستای شارەزا و نە خوێندکاری ئامادەیی پێویست بونیان

نییە تاوەکو خوێندنگەی ئامادەیی بکرێتەوە، تەنانەت ئەو پێی وابوو خوێندنی سەرەتاییش بە شێوەکی زۆر خێرا بە ناوچەکانی عێراقدا بڵاو دەبێتەوە و گونجاو نییە لەگەڵ تواناکانی بەردەست لە ڕووی مادی و دابین کردنی مامۆستای شارەزاوە(احمد، ١٩٨٢، ل٩٦ـ٩٩). بۆیە لەم قۆناغەدا پرۆگرامەکانی خوێندن ئەوەندە جێی بایەخ نەبوون، چونکە ئامانجی خوێندن لە عێراقدا لەو سەردەمەدا تەنها پێگەیاندنی چینێکی خوێندەوار بووە بۆ ئەوەی بتوانن لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا کاری فەرمانبەری ئەنجام بدەن، هەربۆیە پرۆگرامەکانی خوێندن لە میسر و سودان و هندستانەوە هاوردەی عێراق دەکران و لە قوتابخانەکاندا دەخوێندران(السبتی، ٢٠١٠، ل٨٨).

دوای دامەزراندنی حکومەت و پاشانشینی و هاتنی شا فەیسەڵ ٢ بۆ عێراق، ئەو بارودۆخە گۆڕانی بەسەردا هاتوو بیر لەوە کرایەوە کە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە شێوازێکی نوێ و بە ئامانجێکی ڕوونتر دابڕێژرێتەوە، پێشەنگی ئەم کارانەش بە هاتنی (ساطع الحصری) ٣ بۆ عێراق دەستیپێکرد. بۆیە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٢٧ بە ماوەی زاڵبوونی بیروبۆچوونی حصری بەسەر پەروەردەی عێراقەوە ناسراوە، یەکەم کاریشی وەك ڕاوێژکاری پاشا و دواتریش وەك جێگری وەزیری مەعاریف پێداچوونەوە بوو بە پرۆگرامەکانی خوێندن(احمد، ١٩٨٢، ل١٦٣)، دیارترین سیماکانی ئەم سەردەمە سەردەمی بڵاوبوونەوەو جێبەجێکردن و پیادەکردنی بیروباوەڕی نەتەوەیی حصرییە، لە ١٩٢٢/٢/٢٨ حصری وەك جێگری وەزیری مەعاریف بەشداربوو لە داڕشتنی پروگرامی نوێی خوێندن و (٥) کتێبی نوێ بە بابەتی نوێ داڕێژران، وەك پروگرامی خوێندن بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان، کە بریتیبوون لە (الف باء فی القراة الخلدونية، التوحيد لاهل التوحيد، دروس فی تأريخ القرون الوسطى والاخير، دروس فی حياة المشاهير، معلومات المدنية والاخلاقية)(عمر، ٢٠١٨، ل٦٢ـ٦٣ ). بەڵام ئەو پرۆگرامانە بەگشتی زۆر فراوان بوون و لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە لە ئاستی تواناو تەمەنی قوتابیاندا نەبوو، بۆیە ئەنجوومەنی نیشتمانی ساڵی ١٩٢٨ لە دانیشتنەکانی خۆیدا داوا دەکات پرۆگرامەکانی خوێندن چاکسازی تیدا بکرێت، بە جۆرێك لەگەڵ تەمەنی قوتابیاندا بگونجێت، بەتایبەتی بابەتی فیزیا و کیمیای پۆلی شەشەمی سەرەتایی لەگەڵ توانا و تەمەنی قوتابیاندا هیچ گونجاو نەبوون (عبدالمحسن، ٢٠١١، ل٦٨). بۆیە قۆناغی دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراق تاوەکو سەرو بەندی دووەم جەنگی جیهانی پێویستە لە دوولایەنەوە تەماشا بکرێت و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت:

یەکەم/هەرچەندە حکومەت و ئەنجومەنی نوێنەران و پاشا لە وڵاتدا هەبوون و دام و دەزگای پەروەردەیی دامەزرابوون، بەڵام ڕاوێژکارانی ئینگلیز لە ناو وەزارەتەکاندا دەسەڵاتی باڵایان هەبووەوە هەر ئەوان داڕێژەری هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی حکومەت و پەروەردەش بوون، تەنانەت دەسەڵاتی ئەوەیان هەبووە بێ گەڕانەوە بۆ وەزیرە تایبەتەکانی وەزارەتەکان ڕاپۆرتی خۆیان پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکەن(عبدالمحسن، ٢٠١١، ل٤٧). ئاشکرایە کە دەسەڵاتی ئینگلیز و سیاسەتی ڕاوێژکارانی ئینگلیز لەگەڵ بیرو بۆچوونی هاونیشتمانییە عێراقییە نەتەوەییەکان یەکیان نەدەگرتەوە و لە زۆر لایەنی سیاسی و ئەکادیمی و تەنانەت پلانی داهاتووی وڵاتیش بۆ پێشکەوتن و گەشەی زانستی لە عێراقدا زۆر جیاوازبوون.

دووەم/ وەك پێشتریش باسکرا ڕەوتی (ساطع الحصری) لە ناو پەروەردە و دەسەڵاتی (الحصری)

وەك ڕاوێژکاری پاشا و دواتریش لە پۆستەکانی ناو وەزارەتی مەعاریف کە بیروباوەڕی سیاسی و ئەجیندای سیاسی تیکەڵ بە پەروەردە کردبوو و دژایەتی دەسەڵاتی ئینگلیزی پێدەکرد، لە نێوان ئەم دوو ڕەوت و بیروبۆچوونە پەروەردە بێ ئامانجێکی ڕوون هەرجارەی بە ئاراستەیەکدا دەبرا.

لەم بارەیەوە دکتۆر جمیل عبد الهادی السبتی دەڵێت: "دوای پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق، لە ساڵی ١٩٢١ – ١٩٣٢ هەوڵی نیشتمان پەروەرە عێراقییەکان بۆ بایەخدان بە پەروەردە بۆ پارێزگاریکردن لە مۆرکی نەتەوەیی و عەرەبی دەرکەوت، بۆیە ئەم قۆناغە بە قۆناغی بێبەرنامەیی( ارتجال) و نا هاوسەنگی نێوان پەروەردە و ئابوری ناسراوە"(عبدالمحسن، ٢٠١١، ل٥١). دیارە ئەم نا هاوسەنگییەش بۆ دوو هۆکاری سەرەکین: یەکەم دواکەوتویی عێراق لە ڕووی ئابورییەوە، دووەم وابەستەیی بە ئابوری داگیرکەرەوە.

ململانێی نێوان بیروبۆچوونە جیاوازەکانی ئینگلیز و عێراقیە نەتەوەییەکان بەڕابەرایەتی (الحصری)، ئەمانەش لەمپەری گەورەبوون لە بەردەم پێشکەوتن و دانانی پلانێکی پەروەردەیی ڕوون و دروستکردنی ئامانجێکی ڕوونی پەروردەیی لە عێراقدا، ئەم بێسەر و بەرەییە وایکردبوو کە تەنها لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٣٦ – ١٩٤٣ سێ جار پرۆگرامەکانی خوێندن لە عێراقدا بگۆڕێت(عثمان، ٢٠١٨، ل١١٢). ماوەی سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی عێراق تاوەکو سەرەتای دەستپێکردنی یەکەم جەنگی جیهانی ئەو ئاراستەیەی لە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی سیستمی پەروەردە لە عێراقدا زیانی زۆری بە پرۆسەی پەروەردە گەیاند، چونکە بە پێی بروبۆچوونی ئینگلیزەکان هێشتا لە عێراقدا زەمینەی داڕشتنی پەروەردەیەکی نوێ لە ئارادا نییە و پێویستە لە داڕشتن و بەڕێوەبردن و ئاراستەکردنی خوێندندا بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە بەرچاو بگیرێت و بە پێی ئەو دۆخە بەرنامەڕێژی بۆ دروستکردنەوە و دامەزراندنی دەزگا پەروەردەییەکان بکرێت. بەڵام بیروبۆچوونی عێراقیە نەتەوەییەکان بە ڕابەرایەتی شافەیسەڵ و سەرپەرشتی حصری دەیانویست هەرچی زووە دەزگا پەروەردەییەکان بخرێنە گەڕ و بە بیروباوەڕی نەتەوەیی عەرەبی بەرنامەڕێژی بۆ بکەن و گەشەی پێبدەن.

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، لە سەردەمی پاشایەتی پەروەردە بە دووقۆناغی گرنگدا تێپەڕیوە، یەکەمیان سەردەمی دەسەڵاتی (فارڵ) و٤ بەرنامە و فەلسەفە پەروەردەییەکانی کە هەڵسوڕێنەری کاروباری پەروەردە بووە . قۆناغی دواتریش هاتنی (الحصری) و فەلسەفەی نەتەوەیی و تێڕوانینی عەرەبییانە بۆ پەروەردە، کە ئەمەش زیانێکی زۆری بە پرۆگرامەکان گەیاند (البنداوی، ٢٠١٥، ل٢٠٧). بەو جۆرە دەتوانرێت بوترێت کە لە دامەزراندنی حکومەتی عێراقەوە تاوەکو سەردەمی کۆماری ١٩٥٨، پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە عێراقدا پلان و ئامانجێکی پەروەردەیی ڕوونی نەبووە، بۆیە دەوترا قوتابخانەکانی عێراق سوپایەك پەوەردە دەکات ناتوانن هیچ کارێك ئەنجامبدەن جگە لەوەی فەرمانبەربن(احمد، ١٩٨٢، ل٢٧١). بارودۆخی سیاسی و ئابوریی عێراق و ئەو گۆڕانکارییە سیاسیانەی لەسەردەمی پاشایەتیدا ڕوویاندا، وایانکردبوو پرۆسەی پەروەردە بێپلان و ئاراستەیەکی ڕوون و دیاریکراو بمێنێتەوە، گۆڕانی (١٣) وەزیری مەعاریف بە بیرو بۆچونی جیاواز، هۆکارێك بوو بۆ زۆری پلانەکانی وەزارەتی مەعاریف نەبوونی و پلانێکی پەروەردەیی باش و ئامانجێکی ڕوون.

لەسەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی تا دەهات بارودۆخی پەروەردە خراپتر دەبوو، بەجۆرێك تەنانەت دوای کۆتایی هاتنی جەنگیش نەتوانرا دۆخەکە وەك پێش جەنگی لێبکرێتەوە، بۆ باشترکردنی دۆخەکە حکومەت ساڵی ١٩٥١ بڕیاری ژمارە ٣٨ ی ڕاگەیاند کە بەپێی ئەو بڕیارە قوتابخانەکان بە وەزارەتی ناوخۆوە لە ڕێگەی یەکە کارگێرییە ناوچەییەکانەوە لکێنران (الادارات المحلیة) وەزارەتی مەعاریف تەنها لە ڕووی تەکنیکی و زانستییەوە سەرپەرشتی قوتابخانەکانی دەکرد(عثمان، ٢٠١٨، ل٦٥). لە گەڵ شۆڕشی ١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨ دا و ڕوخانی سیستمی پاشایەتی لە عێراقدا، پرۆسەی پەروەردە کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەسەرداهات و بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنی وڵات و بەرنامەی سیاسی سەردەمی کۆماریدا بڕوات و گەشە بکات، وەزارەتی پلاندانان ساڵی ١٩٥٩ پلانێکی بۆ زیادکردنی دەستی کار لە وڵاتدا دارشت و ئەنجومەنی پلانی ئابوری پێکهێنا و لە بواری پەروەردەشدا ساڵی ١٩٦١ بۆیەکەمجار لە عێراقدا پرۆژەی پلانی پەروەردەیی لە لایەن ( نجیب جاکوب و صالح حمدان) هوە دارێژرا، کە بۆ ماوەی (٥) ساڵ بوو بە پلانی پێنج ساڵە ناودەبرا، بەڵام نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە(السبتی، ٢٠١٠، ل٧٦). ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە سەرکردایەتی سیاسی و ڕابەرانی پەروەردەیی درکیان بەوە کردبوو کە کاتی ئەوە هاتووە پەروەردە و فێرکردن لە گێژاوی بێ بەرنامەیی و بێ ئامانجێکی ڕوون ڕزگار بکرێت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە بیر لەوەکراوەتەوە بە بەرنامە بازاڕی کار و دەستی کار لەگەڵ پێشکەوتنی پەروەردەیی و گەشەکردنی پەروەردە پێکەوە گرێ بدرێن، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش ساڵێك دوای شۆڕش و لە ساڵی ١٩٥٩دا ژمارەی ئامادەیییە پیشەسازییەکان گەیشتە (١٠) ئامادەیی پیشەسازی لە سەرتاسەری عێراقدا و بە هەمان شێوە ئامادەیی بازرگانی و کشتوکاڵییەکان زیادیان کرد(الشامی، ٢٠١٢، ل٣٨ـ٤١). هەر بۆیە حکومەتی نوێ یەکێك لەکارەکانی زیادکردنی بودجەی وەزارەتی پەروەردە بوو، بۆ نموونە ساڵی ١٩٥٨ بودجەی وەزارەتی پەروەردە (١٤١٢٨٠٠٠ ) چواردە ملیۆن و سەد و بیست و هەشت هەزار دیناری عێراقی بوو، بەڵام لە کۆتایی سەردەمی قاسمدا گەیشتۆتە (٢٧٠٠٠٠٠٠) بیست و حەوت ملیۆن دیاری عێراقی(الشامی، ٢٠١٢، ل٣٦). واتا لە ماوەی پێنج ساڵدا دوو هێندە زیادی کردوە، ئەوە بڕ پارەیە بۆ دروستکردنی باڵەخانەی نوێ و نۆژەنکردنەوەی باڵەخانە کۆنەکان و چاپکردنی پرۆگرامی نوێ و دروستکردنی بەشەکانی ناوخۆی خوێندکاران و خواردنی خوێندکاران لە ناو قوتابخانەو خوێندنگەکان تەرخانکرابوو، لێرەدا پێویستە ئەوەش بوترێت کە سەرەتاکانی گۆڕانکاری لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە عێراقدا لەگەڵ سەردەمی بە بەرنامە و پلانی زانستی تۆکمە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پیشەیی خوێندکاراندا دەستی پێکرد.

ساڵی ١٩٦٠ یەکەم کۆنگرەی پەروەردەیی بەسترا، لەسەر گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن جەختکرایەوە (الشامی، ٢٠١٢، ل٣٣)، چونکە ڕابەرانی شۆڕش پێیان وابوو کە پرۆگرامەکانی خوێندن و کۆی پرۆسەی پەروەردەیی لە عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا، ناڕاستەوخۆ کاری ئاڕاستەکردنی گەنجانی وڵات بووە بەشێوەیەکی بەرەو بیری حزبایەتی و دەمارگیری نیشتمانی(البنداوی، ٢٠٢٥، ل٢١٨). ساڵی ١٩٦٣ و دوای کودەتای سەربازی (عبدالسلام عارف) ٥ ئەنجومەنی باڵای پەروەردەیی کە پێکهاتبوو لە (٣) وەزیر و سەرۆکی زانکۆی بە غداد و ڕاگری هەندێ لە کۆلێژەکان و چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی، بۆ

دانان و دەستنیشانکردنی هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی پەروەردەیی و پرۆگرامەکانی خوێندن پێکهێنرا(البزاز، ١٩٧٨، ل٣٤). یەکێکی تر لە کارەکانی وەزارەتی پەروەردە ساڵی ١٩٦٦ نوێکردنەوەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی و فەلسەفی بوو، ئەویش بە پلانێکی (٥) ساڵە تاوەکو ساڵی ١٩٧٠، بۆ پێداچوونەوە بە ئامانجە پەروەردەییەکان و گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکاندا(السبتی، ٢٠١٠، ل٧٦ـ٧٧). بەڵام وەك پێشتریش باسکرا لە دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا گۆڕینی پرۆگرامەکانی خویندن ئەوەندە زۆر و خێرابوون فریا نەدەکەوتن گشتاندنی پێبکەن بە قوتابخانەکاندا. ساڵی ١٩٦٩ دەستەی پلانی پەروەردەیی پێکدەهێنرێت بۆ ڕونکردنەوەی ئامانج و فەلسەفە و کەتواری پەروەردەیی لە عێراق، دووبارە دارشتنەوەی ئەو ئامانج و فەلسەفانە(السبتی، ٢٠١٠، ل٧٧). ئەمە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنیت کە تاوەکو دەیەی حەفتاکانیش داهاتووی پەروەردە نادیار بووە، بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانکارییە سیاسیە گەورانەی بە سەر وڵاتدا هاتن بواری ئەوەیان نەدەدا هیچ لایەنێکی ژیان سەقامگیر و جێگیربێت. بەڵام ئەو بارودۆخە لە دوای جێگیربوونی دەسەڵاتی حزبی بەعس لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، لێرە بە دواوە ئیتر بە بەرنامە بۆ دانان و ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن بە جۆرێك لەگەڵ بەرنامەی سیاسی ئەو دەسەڵاتە نوێیەدا بگونجێت کارکرا. ساڵی ١٩٧٠ش بڕیارێکی کۆماری ڕاگەیێنرا، ئەوەی پەیوەندی بە پەروەردەوە هەبوو لە وبڕیارەدا:

١- دیاریکردنی سیاسەتی پەروەردەیی.
٢- ڕێکخستنەوەی وەزارەتی پەروەردە.
٣- دیاریکردنی سنوری نێوان هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا.
٤- بەکارهێنانی باشترین هۆکارەکانی ڕاهێنان و ئامادەکردنی کارمەندانی بواری پەروەردە.
٥- دانانی پلانێك بۆ پێشخستنی وەزارەت و چۆنێتی کارکردن و دانانی پلانی پەروەردەیی درێژخایەن(السبتی، ٢٠١٠، ل٧٧).

ئەگەر ئەو خاڵانەی سەرەوە شیبکرینەوە، ئەوە ڕوندەبێتەوە کە حزبی بەعسی عێراق، هەر لە سەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە بەرنامەی دارێژراو و تۆکمە و درێژخایەنی هەبووە بۆ کارکردن و ئاڕاستەکردنی پەروەردە لە عێراقدا بەو شێوازەی لە بەرژەوەندی ئەو پارتەدا بێت.

ڕەنگە تەنها ئەوەندە بەسبێت بووترێت کە لەماوەی ساڵانی ١٩٥٨ – ١٩٦٨ ژمارەی ئەوکابینە وەزارییانەی پێکهاتون (١٦) کابینە بوون، لەو شازدە کابینەیە (١١) وەزیری مەعاریف گۆڕاوە(الشامی، ٢٠١٢، ل٢٠). جگە لەوە هەر لەبەر بیروبۆچونی جیاواز سەبارەت بە پەروەردە تەنانەت ناوی وەزارەتەکە (٥) جار گۆڕاوە لە وەزارەتی مەعاریف بۆ وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن و بە پێچەوانەوە(الشامی، ٢٠١٢، ل٢٠). ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت ئەوەیە کە ئەگەر بیروبۆچونی جیاواز وابکات ڕێکەوتن لەسەر ناوی وەزارەتێك ئەوەندە کارێکی قورس و گران بێت، دەبێت یەك ئاڕاستەیی پلانی پەروەردەیی چەندە قورس بێت، بۆیە لە ماوەیەدا لەگەڵ پێکهێنانی هەر کابینەیەکی نوێی حکومەت پرۆگرامێکی نوێ ئامادە دەکرا و هەندێ جار فریای ئەوە نەدەکەوتن ئەو پرۆگرامە جێبەجێ بکرێت پوچەڵ دەکرایەوە و پرۆگرامێکی نوێ شوێنی دەگرتەوە(الشامی، ٢٠١٢، ل٢٠).

بێگومان ئەگەر ماوەی ئەو (١٠) ساڵە لە مێژووی عێراق لە بەرچاو بگرین دەبینرێت کە گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەناوخۆی پارتەکانیشدا ئەوەندە زۆر بوون کاریان لەسەرجەم کۆمەڵگە کردبوو بە ئاین و نەتەوە جیاوازەکانیشەوە. هەرچەندە تێکەڵ بوونی سیاسەت بە پەروەردە لە عێراقدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٢٠، کاتێك خوێندنگەی ئامادەیی ئەهلی دادەمەزرێت ئەو خوێندنگەیە دەبێتە یانەیەکی سیاسی تەواو(احمد، ١٩٨٢، ل١١١ـ١١٢). مامۆستاکان بنەماکانی بیری نەتەوەیی و سرودی نیشتیمانیان بە خوێندکاران دەوتەوە، بۆیە کارێکی ئاساییە ئەگەر لەو ماوە کەمەدا (٣) کودەتای سەربازی ئەنجام دراوە . بەڵام زیانی هەرە گەورە بەر پرۆسەی پەروەردە کەوتووە.

حزبی بەعس هەر زوو درکی بە گرنگی پرۆگرامەکانی خوێندن و کتێبەکان و چۆنێتی داڕشتنیان کرد، بۆیە لە گەڵ جێگیربوونی دەسەڵاتیان، هەوڵیاندا بە شێوازێکی زانستی سیاسەتی سوسیالیستی پەروەردەیی خۆیان داڕێژن و لە دانانی پرۆگرامەکانی خوێندنی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن جەختیان لەسەر کێشەی فەلەستین و کاری فیداکاری وخەباتی چەکداری بۆ بەدەستهێنانەوەی زەوی و خاکی داگیرکراو دەکردەوە، لە پروگرامەنوێیەکاندا بابەتی سۆسیالیستی بەپێی ئاست و قۆناغەکان خزێنرانە ناو پرۆگرامەکانی خوێندن و ساڵی خوێندنی ١٩٧٠ - ١٩٧١ (٣٠) کتێبی پرۆگرامی نوێ لە هەموو عێراقدا کارپێکرا (الشامی، ٢٠١٢، ل٩٤). لەم بارەیەوە وەزیری پەروەردە ساڵی ١٩٧٠ دەڵێت:"..گرنگە گیانی یەکێتی نیشتمانی عەرەب و بیروباوەڕی نەتەوەیی لە ناخی خوێندکاراندا بچێنین و جەخت لەسەر مرۆڤایەتی بوونی نەتەوەیی عەرەب بکرێتەوە"(جودة، ٢٠١٢، ل٣٣١).

حزبی بەعسی عێراق لە داڕشتنەوەی ئامانجەکانی پەروەردە بەتەواوی بەرنامەی سیاسی خۆی لە بەرچاو گرتبوو، بە بەرنامە و لێکۆڵینەوەی زانستی و کۆنگرە و زیادکردنی بودجەی وەزارەتی پەروەردە و کردنەوەی خول و هەڵمەتی نیشتمانی و خولەکانی ڕوشنبیری سیاسی و زۆر ڕێگەی تر کە زۆر بەوردی کاری لەسەر دەکرد، تەنانەت لیژنەی تایبەت بە چاودێریکردن و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی ڕاپۆرتە سیاسییەکانی بەعس لە ناو خودی وەزارەتی پەروەردە هەبوو(الشامی، ٢٠١٢، ل١٠٤ـ١٠٥). جگە لەوە لە ڕاپۆرتی سیاسی حزبدا هاتبوو کە گەنجان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی و پێویستە مەشقی سەربازیان پێبکرێت(الشامی، ٢٠١٢، ل١٠٦). لە هەموو ئەو کۆنگرە و لێکۆڵینەوە پەروەردەییانەی لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا ئەنجامدراون جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە ئاراستەی پەروەردە گۆڕانکاری بنەڕەتی تێدا ئەنجام بدرێت"سەرکردایەتی شۆڕش جەخت لە سەر ڕۆڵی کاریگەری پرۆسەی پەروەردە دەکاتەوە بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری لە وڵاتدا، بۆیە پێویستە پرۆسەی پەروەردە لە ڕووی فکری و ڕەوشتی و زانستییەوە ڕێکبخرێتەوە"(زویلف -جعفر، ١٩٧٩، ل٤٨). هەر بۆیە بۆ ڕێکخستنەوەی پەروەردە بەو شێوەیەی خۆیان دەیانویست لە ڕێگەی کۆنگرەکانیان و بە گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن دەستیان پێکرد بە ڕێنوێنی سەرانی حزبی بەعس و لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕەکانی حزبی، لەمبارەیەوە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆك کۆماری عێراق دەڵێت"پێویستە لە سەرەتاوە دەستپێبکەین و ڕێنوێنی و ئاراستەکردنەکانمان قوڵتر و بنەڕەتی تر بن و پرۆگرامەکانی خوێندن بە پێی بیروباوەڕەکانی شۆرش داڕێژینەوە"(زویلف - جعفر، ١٩٧٩، ل٤٨). بە

لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنانە وەزارەتی پەروەردە نوێکردنەوە و داڕشتنەوەی ئامانجە پەروەردەییەکانی دەستپێکرد، بەپێی ئەو فەلسەفە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییانەی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمموزی سۆسیالیستی لەگەڵ خۆیدا هێنای کە بیروباوەڕەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی مەزن بەرجەستە دەکات(المؤتمر التربوی التاسع ١٩٨٣، ١٩٨٦، ل٧). پرۆگرامەکانی خوێندن و چاودێری کردنی لە لایەن حکومەتی بەعسەوە زۆر جێی بایەخ بووە و یەکێك لە کارە گرنگەکانی ئەو لیژنانە بوو کە سەرکردایەتی ئەو حزبە بۆ ئەو مەبەستە دروستیکردبوو، ئەوان بەڕیوەبەرێتی پرۆگرامەکانیان بە یەکێك لە گرنگترین بەڕێوەبەرێتییەکانی وەزارەتی پەروەردە دادەنا(المؤتمر التربوی التاسع ١٩٨٣، ١٩٨٦، ل٧). هەر بۆیە زۆر بەوردی لەلایەن ئەو لیژنانەوە سەرپەشتی و چاودێری دەکرا و هەموو ئەو کتێبانەی وەك پرۆگرامی خوێندن لە دامەزراوە پەروەردەییەکان دەخوێنران پێویست بوو لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕی حزبی بەعسدا دابڕێژرێن، لەم بارەیەوە لە ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی تایبەت بە پرۆگرامەکانی خوێندن کە لە ساڵی ١٩٨٢ لە بەغداد بەسترا هاتووە کە پێویستە بابەتە مێژوویی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و نەتەوەییەکان لەسەر بنەمای بیروباوەڕی حزبی بەعس لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا هەبێت(الوقائع الکاملة للندوة العلمیة١٩٨٢، ١٩٨٤، ل٣٣).

ئەو بەرنامەیەی حزبی بەعس لەگەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی لە هەردوو دەیەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەم زۆر بە چڕی و بە بەرنامە لە سەرتاسەری عێراقدا کاری لەسەر دەکرد، بێگوێدان بەوەی لە عێراقدا و بەپێی دەستور نەتەوەی جیاواز هەن و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا لە چەندین نەتەوەو ئاین و ئاینزای جیاواز پێکهاتووە، کە گەورەترین ئەو نەتەوانە نەتەوەی کوردە. ئەم شێوازە لە حوکمرانی لە هەموو بوارەکانی ژیان لە وڵاتدا کاریگەری زۆر خراپی لە سەر هەستی هاونیشتمانی بوون و هاوڵاتی بوون هەبوو، بەڵام بۆ نەتەوەی کورد کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە وەك پێویست مافە نەتەوەییەکانی لەبەرچاو نەگیرابوو زیان و دەرهاویشتەکانی زیاتر بوو. بەتایبەت بۆ شاری کەرکوك کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە جێی مشتومڕ و ململانێی کورد و حکومەتە جیاوازەکانی عێراق بوو بەهۆی ئەو سامانە سروشتییە زۆرەی لە سنوری پارێزگاکەدا هەیە، هەموو کارە ڕەگەز پەرستییەکانی کە ئەنجامی دەدا لە شاری کەرکوك ئەو کار و فشارانە زیاتر دەبوو، ئەگەر بەرنامەی پەروەردەیی و پشتگوێخستنی نەتەوەو ئاینە جیاوازەکان و سیاسەتی بەعساندن لە هەموو عێراقدا جێبەجێکرابێ، ئەوا لە سنوری پارێزگای کەرکوك و شاری کەرکوك سەرباری ئەوانە دەرکردنی فەرمانبەر و مامۆستا و پیشەوەر و کۆچ پێکردنی زۆرە ملێ(ترحیل) شیان بەکاردەهێنا کە لە بەشەکانی داهاتوودا بەوردی لەسەری دەدوێین.

**تەوەری دووەم: فەلسەفە و ئامانجی پرۆگرامەکانی خوێندن و کاریگەری لە سەر کەرکوک:**

لە تەوەری پێشوو بەوردی باس لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە عێراق قۆناغەکانی گەشەکردنی کرا، ئەم تەوەرە کەباس لە فەلسەفە و ئامانجەکانی پەروەردە دەکرێت ڕەنگە زۆر لەو بابەتە دور نەکەوێنەوە لەبەر ئەوەی پرۆگرامی خوێندن و فەلسەفەی پەروەردەیی ئەوەندە تێکەڵن ئەگەر وەك پەروەردەییەك قاڵبووی ئەو بوارە کاریتێدا نەکرابێت توشی لێك ئالان و ئاڵۆزی دەبیت، چونکە بنەمای سەرەکی داڕشتنی پرۆگرامەکانی خوێندن فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، واتا ناکرێت بیروباوەڕ و فەلسەفەی کۆمەڵگە لەبەر چاو نەگیرێت لە دانان و داڕشتنی پرۆگرامی خوێندندا، بێگومان بیروباوەڕی سیاسیش دەرهاویشتەی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتییە.

پێش سەردەمی کۆماری هیچ ئامانج و فەلسەفە یەکی دیار و ڕوون بۆ پرۆسەی پەروەردە لە ئارادا نەبووە، ئەوەی هەبووە بیروباوەڕی نەتەوەیی (ساطع الحصری) بووە کە دوای خوشی ئەوانەی لەو بوارەدا کاریان کردوە، هەوڵیانداوە لەسەر هەمان ڕێباز بەردەوامبن، بەڵام بارودۆخی سیاسی عێراق لەو سەردەمەدا ئەوەندە گونجاو و لەبارنەبووە و وەك پێویست بەو کارەدا ڕانەگەیشتوون. دوای شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ و نەمانی سیستەمی پاشایەتی لە عێراقدا پەروەردە وەك یەکێك لە کایە گرنگەکانی ژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە بووە جێی بایەخی شۆڕشگێڕان و بیر لە بەهێزکردن و بەکارهێنانی کرایەوە وەك فاکتەرێکی گرنگی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و وڵات، بۆیە دەکرێت نەمانی سیستمی پاشایەتی بە خاڵی وەرچەخان دابنرێت بۆ پرۆسەی پەروەردە، لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیشدا ساڵانی دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی خاڵی وەرچەرخان بووە لە پێشکەوتنی پەروەردەدا لە ڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە(عبدالدائم، ١٩٧٩، ل٤٧). بەڵام وەك پێشتر باسکرا ڕوداوە سیاسییە ناوخۆیی و هەرێمییەکان لەبار و گونجاو نەبوون بۆ جێگیربوون و دانانی فەلسەفەیەکی دیار و پلان بۆ داڕێژراو ئە جگە لەو هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەی لە بارەی پەروەردەوە هەبوون و بەو پێیەی ئاڕاستەو ئامانجە پەروەردەییەکان بەپێی جیاوازی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بیروباوەڕی سیاسی دەسەڵاتدار دەگۆڕێت (عفیفی، ١٩٧٥، ل٧٠٤)، ئامانج و فەلسەفەی خوێندن بەردەوام لە گۆڕاندابووە. بەڵام ئەم بارودۆخە بە کودەتای دووەمی بەعسییەکان لە شوباتی ١٩٦٨ بەدواوە بە تەواوی گۆڕا، حزبی بەعس بە بەرنامەو پلان بۆ جێگیرکردنی بیروباوەڕ و دیدی سیاسی خۆی لە عێراقدا لە ڕێگەی پەروەردەوە کاریدەکرد، هەر بۆیە کاتێك باس لە فەلسەفەی خوێندن دەکرێت لە عێراقدا لە ساڵی ١٩٦٨ بە دواوە، پێویستە فەلسەفە و بیروباوەڕی بە عسیزم ڕونبکرێتەوە و دواتر لەگەڵ ئامانجە سیاسی و پەروەردەییەکانی ئەو پارتە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، چونکە بیروباوەڕی حزبی بەعس بەڕوونی بەسەر پەروەردەدا دیارە.

حزبی بەعس زۆرباش لەوە گەیشتبوو کە بەرنامە سیاسی و نەتەوەییەکانی پێویستی بە کات و پلە بەندییە لە جێبەجێکردندا، جگە لەوەش پێویستی بە ژینگەی تایبەت و گونجاو هەیە بۆ گەشەپێکردنی و باشترین ژینگەش دامەزراوە پەروەردەییەکانە، لە دوای شۆڕشی ١٧-٣٠ تەممووزەوە پرۆسەی پەروەردە ئامانج و ئاراستەکانی گۆڕان بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە چاوەڕوەنکراوەکانی کە گوزارشت لە ئامانجەکانی حزب و شۆڕش دەکات لە یەکێتی و ئازادی و سۆسیالیزم ئەمەش لەپێناو

دروستکردنی کەسایەتی عەرەبی نوێ( الالوسی، ١٩٨٤، ل٢٦٩)، وەك دەبینرێت بنەمای سەرەکی فەلسەفەی نوێی خوێندن لە عێراقدا تەنها لە پێناو بنیاتنانی کەسایەتی عەرەبی نوێ بە پێی بیروباوەڕی حزبی بەعسدا بووە و لەم پێناوەشدا بەردەوام چاودێری و سەرپەرشتی پرۆگرامەکانی خوێندنیان کردوە و لە هەر قۆناغێکی دەسەڵاتیاندا بەپێی پێوستی قۆناغەکە گۆڕانکاریان ئەنجامداوە بە تایبەتی لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو کاتێك تەواو دەسەڵاتی خۆیان سەپاند بەسەر هەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا ئەو گۆڕانکارییانەی لە سەرەتای دەسەڵاتیاندا ئەنجامیاندابوو وەك پێویست ئامانجەکانیانی بەدینەدەهێنا و لەگەڵ ئەو هەموو کۆڕانکارییە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ئەنجام درابوو بارودۆخەکە وەك پێویست گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و لە ئاستی خواستەکانی شۆڕش و حزبی ڕابەردانین و دوورن لە بیروباوەڕەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی(زویلف – جعفر، ١٩٧٩، ل٢٢)

لەم بارەیەوە و سەبارەت بە تێڕوانینی حزبی بەعس بۆ پەروەردە و فەلسەفەی ئەو پارتە و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا هەر لە سەرەتای گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە، باشتر وایە لەسەر زاری یەکێك لە پەروەردەکارانی ئەو سەردەمە و لایەنگرێکی ئەو پارتەوە (صادق ابراهيم محمد) بناسین کە بە وردی و دور و درێژی باس لەو بابەتە دەکات بەم شێوەیە:-

١- باوەڕ بوون بە یەزدان و ئازادی باوەڕهێنان بە پەیامە ئاسمانییەکان و پەیوەست بە نموونە باڵاکانی ئیسلام و بەها عەرەبییەکان و سەرەتاکانی مرۆڤایەتی و ڕەنگدانەوەی لە ئاکاردا.

٢- باوەڕبوون بە کەرامەتی مرۆڤ و مافە بنەڕەتییەکانی، بەتایبەتی ئازادی پەرستش و بیروباوەڕی ئاینی و ئازادی بیروڕا دەربڕین و زامنکردنی داهێنان و پێشکەوتن لە پێناو ژیانێکی باشتر.

٣- خێزان بنەمای سەرەکی ڕێکخستنی کۆمەڵگەیە و پێویستە لەبەرچاو بگیرێت و پارێزگاری لێبکرێت بۆ ئەوەی تاکەکان لەسەر هاوسۆزی و هاوکاری پەروەردەبن لە سەربنەمای نەبوونی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە ماف و ئەرکە مەدەنییەکان و هەریەکەیان پێویستە ئەرکێك لە ئەستۆ بگرێت کە لەگەڵ تواناکانی گونجاوبێت.

٤- دڵسۆزی بۆ نەتەوەی عەرەب و یەکێتی نیشتمانی عەرەب و باوەڕبوون بە یەکێتی عەرەب بەو پێیەی باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی عەرەبی پێشبکەوێت و بەشداربێت لە بونیادنانی ژیاری مرۆڤایەتی و بنەما نەتەوەییەکان سەرەکیترین بنەماکانی پێشکەوتنە.

٥- فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشە جیاوازەکان لە وڵاتانی عەرەب بە گۆڕاچوونەوەی سەردەمەکانی دواکەوتن و مل کەچی بوون بۆ داگیر کەر و بێگانە، تەنها پاڵنەر نەبوون بۆ گۆڕانکاری، بەڵکو لە پێناو ڕزگار بوون لەو واقعە گەندەڵەی کە هەبوو، لێرەوە تواناکانی نەتەوەی عەرەب دەربکەوێت و نوێ ببێتەوە لە پێناو ژیانێکی ئازاد و شەرەفمەندانە.

٦- باوەڕبوون بە سیستم و کۆمەڵگەی دیموکراسی کە لەوێوە و لە گەلەوە دەسەڵات سەرچاوە دەگرێت و لە دام و دەزگاکاندا ڕەنگدەداتەوە و کاردەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگە و دانانی سیستمی کۆماری وەك شێوازێکی حوکمڕانی بۆ بەدیهینانی یەکسانی لەبەرامبەر یاسا و زامنکردنی ئازادییە دیموکراسییەکان بۆ تاك و کۆمەڵگە.

٧- باوەڕبوون بە دادگەری کۆمەڵایەتی کە خۆی لە سۆسیالیزم دەبینێتەوە و تێدەکۆشێت بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی وەبەرهێن، کە تاك بتوانێت بەشی خۆی بەرهەمبهێنێت و دادگەری هەبێت لە دەستخستنی هەلی کار بۆ هەمووان لەسەر بنەمای هاوکاری نێوان تاك و کۆمەلەکان.

٨- دەستگرتن بە زانست و مەعریفەوە وەك ڕێگەیەکی کارکردن و بیرکردنەوە پشتی پێ ببەسترێت لەو پلانانەی بۆپێشکەوتن دادەڕێژرێن و بە ڕێگەیەکی سەرەکی دەرخستنی توانا داهێنەرەکانی کەسایەتی عەرەبی تەماشابکرێت لە بەیەکگەیشتنی ژیارییەکاندا.

٩- باوەڕبوون بە کەسێتی عەرەبی بەو پێیەی جیاوکەکانی ڕۆشنبیری عەرەبی تێدایە و توانای ئەوەی هەیە لەبوارەکانی فیکر و هونەر و کارکردندا خۆی بنوێنێت(محمد، ١٩٧٧، ل١ـ٢).

ئەگەر بەوردی لە و نۆ خاڵەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی حزبی بەعس بکۆڵرێتەوە دەردەکەوێت کە جگە لەوەی چەند خاڵێکی دژ بەیەکن، هەندێجار لە خاڵێکدا دوو واتاو دەستەواژەی دژ بەیەك هەن، بۆنموونە:-

ا- لە خاڵی یەکەمدا هاتووە کە ئازادی باوەڕهێنان بە پەیامە ئاسمانییەکان فەراهەم بکرێت، بەڵام دەستەواژەی دواتر باس لە پێویستی پابەندبوون نەك تەنها بە نموونە و بەها باڵاکانی ئاینی ئیسلام هەبێت، بەڵکو پێویستی پابەندبوون بە نموونە و بەهای باڵای عەرەبیش دەکات کە ئەمەش دووشتی دژ بەیەك و هیچ کات لەگەڵ بنەما دیموکراسی و ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ و نەتەوە جیاوازەکانی عێراقدا نایەتەوە. لەوەش خراپ تر ئەمە لە دەستوردا جێگیر کراوە لە بڕگەی (٤) ی مادەی( ٢)دا، کە دەڵێت دەوڵەت بەرپرس دەبێت لە ئازادی ئاخاوتن و بڵاوکردنەوە کۆبوونەوە لە سنوری بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی عەرەبدا(مستەفا، ٢٠٠٧، ل٩٧ــ٩٨)، بۆیە بە پێی ئەم بڕگەیەی دەستوری کاتی عێراق بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب لە سەرووی هەموو ئازادییەکانەوەیە.

ب- لە خاڵەکانی (١، ٤، ٥، ٨، ٩) باس لە پێویستی دەرخستنی کەسایەتی عەرەبی و نەتەوەی عەرەب و نیشتمانی عەرەب و داکۆکیکردن لە نیشتمانی عەرەب دەکات، بێگوێدان بەوەی کە لە عێراقدا نەتەوەی جیاواز هەن، ئەمەش دووبارە لە گەڵ دروشمەکانی خودی حزبی بەعس یەك ناگرێتەوە لە ئازادی و یەکسانی و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی جیاواز و نەتەوە جیاوازەکانی عێراق.

بەلەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە فەلسەفەی پەروەردەیی پێویستە هەڵقوڵاوی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی وڵات بێت، فەلسەفەی کۆمەڵایەتیش بە شێك بێت لە فەلسەفەی سیاسی حکومەت و حزبی دەسەڵاتدار، دەردەکەوێت کە تێڕوانینی حزبی بەعس بۆ وڵاتێك کەدەیەوێت لە بنەماو ڕیشەوە دووبارە دروستیبکاتەوە لە سەر بنەمایەکی نوێ، چ جۆرە تێڕوانین و بیروباوەڕێکی هەبووە، هەر بۆیە وەك دواتر لەمیانەی چەندین ساڵی حوکمڕانی ئەو حزبە لە عێراقدا دەرکەوت کە حزبی بەعس هەر لەسەرەتای دەسەڵاتییەوە ئەم تێڕوانینەی بۆ فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی داڕشتووە و لە پرۆگرامەکانی خوێندندا ڕەنگی داوەتەوە. چونکە وەك ئاشکرایە پرۆگرامەکانی خوێندن" هۆکارێکن بۆ ئامادەکردنی تاك و پێگەیاندنیان لە ناو دامەزراوە پەروەردەییەکاندا لەکەشێکی پەروەردەیی زانستیدا کە هاندەربێت بۆتێگەیشتن لە ئێستای کۆمەڵگە لەبەر ڕۆشنایی تاقیکردنەوەی ڕابوردوو و کارلێککردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئێستاو خۆگونجاندن لەگەڵیدا بەسەرکەوتوویی"(المفتي- الوکیل،

٢٠٠٠، ل٩١). لەم پێناسەیەوە ڕوندەبێتەوە کە حزبی بەعس، زۆر بەوردی و وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ پرۆگرامەکاندا کردووە لە سەر بنەمای ئەو فەلسەفە سیاسیەی بیروباوەڕی حزبەکەشی لەسەر بنیات نراوە و بەتەواوی درکی بە بایەخ و گرنگی جێبەجێکردنی داوە لە ڕێگای پەروەردەوە.

ئەگەر بەوردی سەرنجی ئامانجە پەروەردەییەکانی حزبی بەعس و حکومەتی عێراق بدرێت لە ماوەی دەسەڵاتیاندا دەبینرێت لە سەر چەند بنەماو سەرچاوەیەکی فکری داڕێژراون:-

١- ئایدۆلۆجیای حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی و ئامانجەکانی لە یەکێتی و ئازادی و سۆسیالیستی و هەڵێنجان و سروش وەرگرتن لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی ڕۆشنبیری و شارستانێتی نەتەوەی عەرەب.

٢- بنەماکانی شۆڕشی (١٧ – ٣٠ ) تەمووزی ١٩٦٨ لە نەتەوەیی بوون و سۆسیالیزم.

٣- بەهاو دەرهاویشتە پۆزەتیڤ و شۆڕشگێڕییەکانی (قادسیە صدام) و پیادەکردنیان.

٤- تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی عێراق، بەو پێیەی بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب و پێداویستییەکانی پێشکەوتنی.

٥- بیروباوەڕە پەروەردەییە عەرەبییەکان و ئاراستە نوێیەکانی بیری پەروەردەیی لە سەرئاستی جیهانی و سود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی گەلانی تر.

٦- تایبەتمەندییە دیارەکانی هەر یەك لە قۆناغەکانی خوێندن.

٧- ئامانجە پەروەردەییەکانی قۆناغەکانی خوێندن وەك ئەوەی ڕێکخراوی عەرەبی بۆ پەروەردە و ڕۆشنبیری وزانست ونوسینگەی پەروەردەیی عەرەبی وڵاتانی کەنداو دیاریکردوە(عبدالرحمن،١٩٨٣، ل١).

پاشان لەسەر ئەو بنەمایانە ئامانجە پەروەردەییەکان بۆ قۆناغەکانی خوێندن دیاریکراوە لە باخچەکانی منداڵان و قوتابخانە سەرەییەکان و خوێندنگە ناوەندی و ئامادەییەکان و پەیمانگەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان و هەر قۆناغێك بەپێی پێویستی و ئاستی تێگەیشتنی منداڵان و قوتابی و خوێندکاران ئامانجەکان جیاکراونەتەوە و ڕێکخراون و دیاری کراون بەم شێوەیە :-

لە ئامانجە پەروەردەییەکانی باخچەکانی منداڵاندا هاتووە (...پێگەیاندنی منداڵان لە لایەنەکانی جەستەیی و عەقڵی و زمان و کاردانەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕوحی و نیشتمانی و نەتەوەیی...) پاشان هەریەك لەم لایەنانە شیکردنەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت بە وردی و ڕێگەکانی پیادەکردن و گەیاندنی هەریەك لەو خاڵانە دیاری دەکرێت، لە بارەی پێگەیاندنی نیشتمانی و نەتەوەییدا هاتووە:-

ا- منداڵ پێویستە شۆڕش و پارتەکەی ( حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالیستی) و دروشم و بنەما فکری و دەستکەوتەکانی بناسێت.

ب- چاندنی تۆوی خۆشەویستی سەرکردە ( صەدام حسێن) لە ناخی منداڵدا.

ج- فێرکردن ناساندنی منداڵ بە ئاڵاو سرودی نیشتمانی و ڕێزگرتنیان.

د- فێرکردن و ناساندنیان بە ئاڕاستەی پۆزەتڤ بەرەو نەتەوەی عەرەب و شانازیکردنیان بە زمانی عەرەبی کە زمانی قورئانە و بە کولتوور و کەسایەتییە مەزن و پاڵەوانەکان.

هـ- ناساندنی منداڵ بە دوژمنانی نیشتمان و نەتەوەی عەرەب و دژایەتیکردنیان.

و- چاندنی خۆشەویستی سەربازی لە ناخی منداڵ و جێبەجێکردنی تایبەتمەندییە سەربازییەکان

له ئامادەباشی و ڕێزگرتنی یاسا و ئازایەتی و ئامادەبوون بۆ گیان فیدایی و قوربانیدان(الزهيرى، ٢٠١٧، ل٩٩).دیارە ئەمە لە سەرتاسەری عێراقدا بەگشتی و لە کەرکوك بە تایبەتی جێبەجێ دەکرا.

ئامانجە پەروەردەییەکانی قۆناغی سەرەتایی بە هەمان شێوە کۆکراونەتەوە لە چەند لایەنێك وەك پێگەیاندنی قوتابیان لە لایەنەکانی( جەستەیی، فکری، عەقڵی، ڕوحی، کۆمەڵایەتی) بۆئەوەی لە داهاتوودا ببنە هاونیشتمانییەکی باش و باوەڕدار بە یەزدان و نمونە باڵاکانی مرۆڤایەتی و درك کردن بە پەیامی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی و دڵسۆزی نیشتمان و نەتەوەکەیان بن (عبدالرحمن، ٢٠١٧، ل١٥).

پاشان ئەم ئامانجانە هەریەکەیان لە ژێر ناونیشانێکدا ڕێکخراون و وردتر مەبەست و ویستی پەروەردەییان دیاریکراوە و شێوازی گەیاندنیشی بە قوتابی دیاریکراوە. بۆ نمونە لە ژێر ناونیشانی پەروەردە یاخود پێگەیاندن و گەشەی ڕوحیدا چەند خاڵێك دیاریکراوە، گرنگترینیان:-

یەکەم//قوڵکردنەوەی شانازیکردنی قوتابیان بەو دەستکەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسانەی سەرکردەکانی شۆڕشی (١٧ - ٣٠) تەمووز بەدەستیان هێناوە.

دووەم// پێناساندنی جیاوك و نموونەی پاڵەوانێتی کولتووری عەرەبی ئیسلامی و پیادە کردنیان لە ڕوی فکری و ڕەوشتە کرداریەکانەوە.

ئەمانەو چەند خاڵێکی تری هاوشێوە و هاومەبەست لە ئامانجەکاندا دیاریکراوە کە هەر هەمووی لە پێناو ناساندنی نەتەوە و نیشتمانی عەرەب و پاشان حزبی بەعس و سەرکردەکانی ئەو حزبە وەك پاڵەوان و ناساندنیان و چاندنی تۆوی خوشەویستیان لە ناخی قوتابیاندا، چونکە ئاشکرایە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی یەکێکە لە قۆناغە هەرە گرنگەکانی ژیانی قوتابی لە ڕووی پێگەیشتن لە لایەنەکانی عەقڵی و زانستی و دەروونییەوە بۆیە بەرنامەیەکی واچڕ و مەبەستداری بۆ داڕێژراوە.

لە ئامانجە پەروەردەییەکانی قۆناغی ناوەندیدا هاتوە کە(ئامانجی پەروەردە لە قۆناغی ناوەندیدا هاوکاری کردنی مێرد منداڵانە ئەوانەی قۆناغی خوێندنی سەرەتاییان تەواو کردوە بۆ جێگیرکردن و بەردەوامبوون لە پێگەیشتن لە ڕووی جەستەیی و عەقڵی و دەروونی و ڕوحی و کۆمەڵایەتیەوە و دەرخستن و دۆزینەوەی خواست و ئاراستەکانیان و دەوڵەمەندکردنیان بە زانست و زانیاری شیاو و گونجاو بۆ تەمەنیان و زیادکردنی کارامەیی ئاراستە زانستی و پیشەییەکانیان و پەروەردە کردنیان لە سەر باوەڕبوون بە یەزدان و خۆشەویستی نیشتمان و سەرکردە و دروستکردنی ئارەزووی کارکردن و پیادە کردنی ژیانی سەربازی و بوون بە سەرباز و ناساندنیان بە نیشتمان و سروشتی نیشتمانەکەیان و ئامانجەکانی نەتەوەکەیان نەتەوەی عەرەب لە یەکێتی و ئازادی و سۆسیالیستی و بنەما مرۆڤایەتییەکان)(عبدالرحمن، ٢٠١٧، ل١٦).

دووبارە ئەم ئامانجانە هەریەکەیان لە ژێر ناونیشانێك ڕێکخراونەتەوە، وەك گەشەی ڕوحی و عەقڵی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و نەتەوەیی و پاشانیش بە چەند خاڵێك ئامانجەکان زیاتر ڕوون کراونەتەوە، لەژێر ناونیشانی ئامانجی گەشەی نیشتمانی بۆ قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا هاتووە:-

ا- چەسپاندنی باوەڕبوون بە یەکێتی نیشتمان و بەوەی کە عێراق بەشێکە لە نیشتمان و نەتەوەی عەرەب.

ب- پارمەتیدانی خوێندکاران بۆ خۆگونجاندن و کارلێککردن لەگەڵ دەستکەوتەکانی شۆڕشی (١٧

- ٣٠) تەمووزی ١٩٦٨ لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی.
ج- گەشە پێکردنی گیانی دڵسۆزی ڕاستەقینە بۆ عێراق و بەهێزکردنی گیانی فیداکاری لە پێناویدا.
د- هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی خوێندکاران لە ڕەفتار و ئاکاری سەرۆك (صدام حسێن) لە سەردانەکانیدا بۆ دام و دەزگا پەروەردەییەکان و لە ژیانی ڕۆژانەدا لاسایی بکرێتەوە.
هـ- گەشە پێکردنی خۆشەویستی سەرکردایەتی و چاولێکردنیان لە کار و لەخۆبوردوییان لە ناو و دەرەوەی خوێندنگە.
و- دروستکردنی حەز و ویستی پیادەکردنی ژیانی سەربازی و بوون بە سەرباز لەناخی خوێندکاردا بۆ پارێزگاری لە نیشتمان و نەتەوەی عەرەب (عبدالرحمن، ٢٠١٧، ل٢٣ـ٢٤).
لەم قۆناغەدا کە مێرد مندالانی تەمەن نێوان (١٢ – ١٥) ساڵانە و قۆناغ و تەمەنی هەڵچوونی دەروونی و گۆڕانکاری جەستەیی و عەقڵییە و زۆرترین گۆڕانکارییەکان و خێراترینیان لەم قۆناغەدا ڕوودەدەن، هەوڵدراوە زۆر وردتر کار لەسەر بیروبۆچوونی خوێندکار و چەسپاندنی بیروباوەڕەکانی حزبی بەعس بکەن لە بیروهۆشی خوێندکاراندا، بۆ ئەوەی ئامادەیان بکەن بۆ کۆتا قۆناغی خوێندن و چەسپاندنی ئەو بیروباوەڕ و فەلسەفەیەی حزبی بەعس کە بە شێوەیەکی گشتگیر بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی دارشتبوو.
دوا قۆناغی جێبەجێکردن و چەسپاندنی فەلسەفە و بیروباوەڕی حزبی بەعس لە بواری پەروەردەدا قۆناغی ئامادەییە، قۆناغی پیش چوونە زانکۆ و پەیمانگەکان و کرانەوە بەڕووی جیهانێکی جیاوازتر لە ڕووی تێکەڵی و ناسین و تەنانەت ڕۆشنبیری و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و ئاینی و تەنانەت سیاسی جیاواز، بۆ ئەم قۆناغە پێویستە دوا ڤاکسینی بیروباوەڕی بە عسی بدرێت بە خوێندکاران. لەم بارەیەوە و لە بواری ئامانجە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەییدا هاتووە کە ئامانجی قۆناغی ئامادەیی بریتییە لەوەی " یارمەتی تازە پێگەیشتوان بدرێت ئەوانەی خوێندنی قۆناغی ناوەندیان تەواو کردوە و پەیوەندیان بە ئامادەییەوە کردوە بۆ بەردەوام بوون لە گەشەی کەسایەتییان لە ڕووی ڕوحی و جەستەیی و عەقڵی و ئاکار و ڕەوشتەوە و زیادکردنی زانیارییەکانیان دەربارەی ڕۆشنبیری عەرەبی ئیسلامی و تێرکردن و تینوێتی شکاندنیان لە بەهاو ڕەوشتە باشەکانی و بە زانست و پراکتیك کردنی لە ژیاندا و لە گەڵیدا بڕوات و بەدەستهێنانی کارامەیی و ئاراستە فکری و زانستی و پیشەییەکان  بۆ بەردەوام بوون لە خوێندنی باڵا و کارە پیشەیی و بەرهەمهێنەکان، بەو شێوازەی لە گەڵ جیاوکەکانی گەشەسەندنی قۆناغەکە و ئامانجەکانی کۆمەڵگەدا لە یەکێتی نیشتمانی و لەسەر ئاستی نەتەوەییش لە بەدیهێنانی ئامەنجەکانی یەکێتی و ئازادی و سوسیالیزم بگونجێت و بەشداربێت لە بنیاد نانی شارستانێتی مرۆڤایەتی "(عبدالرحمن، ٢٠١٧، ل٢٧).
هەر وەك پێشتر و لە قۆناغەکانی پێشوودا باسکرا ئەم ئامانجانە لە ژێر ناونیشانی سەرەکی ڕیز دەکرێن و وردەکاری پراکتیك کردنی ئەم بیروباوەڕ و فەلسەفەیەشی دەکرێتەوە، لە ژێر ناونیشان و بابەتی گەشەی نیشتمانی خوێندکاراندا هاتووە:-
ا- جێگیرکردنی بنەماکانی شۆڕشی (١٧ – ٣٠) تەمووزی نەتەوەیی نیشتمانی و چەسپاندنی لە ناخی خوێندکاراندا.

ب- چەسپاندنی یەکێتی نیشتمانی و جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندی دروست لە نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد و نەتەوە براکانی تر.

ج- بەرچاو ڕۆشنکردنی خوێندکاران بە فەلسەفەی نوێ و ڕیشەی ئەم فەلسەفەیە کە پەیوەندی پتەوی بە نەتەوەی عەرەب و بنەماکانی کەسایەتی عەرەبی و ئامانجەکانی شۆڕشەوە هەیە (عبدالرحمن، ٢٠١٧، ل٣٣).

لێرەدا وەك دیارە بۆجاری یەکەم لە عێراقدا دان بە بوونی نەتەوەی جیاوازدا دەنرێت لە عێراقدا، بەڵام خاڵەکانی دواتر وەك ڕوونە دووبارە هەموو بوونێکی جیاواز لە ناو بیروباوەڕی شۆڕش و کولتووری عەرەب وون دەکات و دەتوێنێتەوە، بەوەی کە سەرچاوەی فەلسەفەی نوێی کۆمەڵگە لە ڕوشنبیری و کلتوری عەرەبە هەڵدەقوڵێت و سەرچاوە دەگرێت بە سەر تەواوی شارەکانی عێراق و کەرکوکیشدا جێ بەجێ دەکرێت. لە بواری گەشەو پێگەیاندنی نەتەوەییدا هاتووە:-

ا- جێگیرکردنی واتای دەستەواژەی یەکێتی عەرەبی لە بیر و هۆش و دەروونی خوێندکاراندا، وەك پێویستییەکی نەتەوەیی و عێراق، بە بەشێکی جیانەبووەوەی نەتەوەی عەرەب دابنرێت.

ب- بەرچاوڕونکردنی خوێندکاران بە مێژووی نەتەوەی عەرەب و تێگەیشتن لە کولتووری نەتەوەیی و ئیسلامی و ڕۆڵی لە ژیاری مرۆڤایەتی بە شێوازێك ببێتە جێی شانازی خوێندکاران.

ج- خوێندکاران زانیاریان پێبدرێت دەربارەی ئەو ململانێ چارەنووسازەی نێوان هاوپەیمانی سەهیۆنی و ئیمپریالیزم و نەتەوەی عەرەب، هەستکردنیان بە مەترسی ئەو ماملانێیە و پلانەکانی دوژمنان لە فەلەستینی عەرەبی و چاوتێبڕینیان لە کەنداوی عەرەبی کە بوونی نەتەوە دەخاتە مەترسییەوە.

د- توانی وەرگرتن و تێگەیشتن لە بنەماکانی نەتەوەی عەرەب، ئەو ڕەگەزانەی لە تەواو کاری ئابوری و جیۆگرافی و یەکێتی زمان و مێژوو و ئامانج و چارەنووسی هاوبەش خۆی دەنوێنێ.

ه- بەرچاو ڕوونی خوێندکاران بە تایبەتمەندییە جیۆگرافی و مرۆیی و سروشتییەکانی نیشتمانی عەرەب و خاڵە بەهێزەکان.

و- پاراستنی زمانی عەرەبی بەوەی خوێندکاران ڕابهێنرێن لە سەر دەربڕین و وتووێژکردن و نووسین بەو زمانە، چونکە خاڵی سەرەکی قوڵکردنەوەی هەستی نەتەوەییە(الزهیری، ٢٠١٧، ل١١٦_١١٧).

بە سەرنجدان لە خاڵەکانی سەرەوە دەردەکەوێت کە:

یەکەم/ بۆ یەکەمجار ناوی کورد و نەتەوەکانی تری عێراق هاتووە وەك پێکهاتەیەکی ئەم نیشتمانە، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا باس لە مێژوو و کولتوور و جیۆگرافیا و نیشتمان و تایبەتمەندی و جیاوکەکانی ئەم نەتەوانە نەکراوە.

دووەم/ جەختکردنەوە لەسەر دەستکەوت و سەرکردە و ئامانجەکانی شۆڕشی (١٧ – ٣٠) تەمووز فەلسەفەی کۆمەڵایەتی نوێ کە داهێنانی حزبی بەعسە، گێڕانەوەی بۆ ڕەگ وریشەی عەرەبی وئیسلامی بە دوو مەبەست، گێڕانەوەیان بۆ کولتوور و ڕیشەی عەرەبی زامنی لایەنگری وڕاکێشانی سەرنجی هەموو عەرەبی عێراق بەلای خۆیدا بکات، لەلایەکی تر گێڕانەوەی بۆ سەرچاوەی ئیسلامی هەموو

موسڵمانانی عێراق کە زۆرینەی هەرەزۆری کۆمەڵگە بەلای خۆیان وبیروباوەڕەکەیاندا ڕادەکێشێت.

سێیەم/ جەختکردنەوە لە یەکێتی خاك و نیشتمانی عەرەب و عێراق بەشێکی دانەبڕاوی ئەو دوو ڕەگەزە تایبەتەیە.

چوارەم/ جەختکردنەوە لەسەر ناساندنی کولتووری عەرەبی ئیسلامی بەو پێیەی سەرچاوەی هەموو بیروبۆچوونێکی عێراقی نوێی دوای شۆڕشی تەمووزی ۱۹٦۸ هـ.

لە خاڵەکانی تردا بەدرێژی باس لە کەسێتی عەرەبی کراوە کە کەسێتییەکی نموونە ئاساو جێی شانازییە و باس لە ڕەگەزە ئابوریی و مرۆییەکانی نیشتمانی عەرەب و خاڵە گرنگ و بە هێزەکانی و چاندن و چەسپاندنی لە دڵ و بیروهۆشی خوێندکاراندا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك باس لە ڕەگەز و تایبەتمەندییەکانی هیچ نەتەوەیەکی تر نەکراوە، وەك ئەوەی هەر بوونیشیان نەبێت یاخود ئەگەر هەشبن لە پەراوێز و سێبەر و لەناو بۆتەقەیەکی گەورەتر ونبوون و وایکردوە هیچ بایەخ و گرنگییەکیان نەبێت.

بە کورتی ئەگەر وردتر سەرنج لە ئامانجەکانی پەوەردە و فێرکردن و فەلسەفەی پەروەردەیی لە عێراق بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی بدرێت لە هەموو قۆناغەکانی پەروەردە لە باخچەکانی منداڵانەوە تاوەکو دەگاتە قۆناغی ئامادەیی دەتوانرێت لە دوو خاڵی سەرەکیدا چڕ بکرێتەوە:

۱- ناساندنی حزبی بەعس بە منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران بە پێی قۆناغ و ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتنیان، بە مێژوو قۆناغەکانی خەبات و بیروباوەڕی ئەو پارتە و ناساندنی سەرکردەکانی وەك فریادڕەس و پاڵەوان و ڕزگارکەر و خەباتگێڕ و فیداکار وله خۆبوردوو لە پێناو گەل و نیشتمان و چەسپاندنی خۆشەویستیان لە ناخ و دەروونیاندا بە تایبەتی کەسایەتی (صدام حسێن) لە هەمووی زیاتر زەق بکرێتەوە، جەختی لێبکرێتەوە وەك نمونەی باڵا و لاسایی کردنەوەی لە بوارەکانی ژیاندا، بەو مەبەستەی لە داهاتوودا بیروباوەڕی پارتی پێشڕەو و سەرکردەی پێشڕەو لە ناخ و دەروونی هەموو تاکێکی دانیشتوای عێراق بچەسپێنن و زاڵی بکەن بەسەر هەموو پارت و بیروباوەڕ و نەتەوە و ئاینەکانی تری عێراقدا و ئەم بەرنامەیەشیان لە منداڵانی تەمەن (٤) چوار ساڵەوە دەستپێدەکرد تا تەمەنی (۱۸) هەژدە ساڵ.

۲- ناساندنی نەتەوەو نیشتمان و مێژوو و کولتوور و نموونە باڵاکانی کەسایەتی عەرەبی و ئیسلامی و دەرخستنیان بە شێوازێك ببێتە نموونەی باڵا لای منداڵ و قوتابی و خوێندکاران و لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لەگەڵیاندا بێت و دووبارە بێتەوە، تاوەکو ئەوکاتەی بەتەواوی لە تەمەنی دوای (۱۸) هەژدە ساڵی و لە زانکۆ و پەیمانگەکان ئیتر ئەو بابەتانە وەك ڕاستییەکی بەڵگە نەویست لە دڵ و دەرون و ناخیاندا بچەسپێت.

لە کۆتاییدا ئەگەر باس لە کاریگەرییەکانی فەلسەفەی پەروەردەیی بکرێت، بەڕوونی دیارە کە ئەو کاریگەرییانەی هەیبووە تەنها لە سەر نەتەوەی کورد نەبووە، بەڵکە هەموو چین و توێژ و نەتەوە و ئاینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی عێراقی گرتۆتەوە، چونکە وەك ئاشکرایە حزبی بەعس و حکومەتەکەی لە عێراقدا ئاینی ئیسلام و مەزهەبی سونەی کردبووە ڕێبازی سەرەکی و ئاین و مەزهەبی فەرمی لە عێراقدا و هەموو یاساکانی بواری کەسێتی و شارستانی لەوێوە سەرچاوەیان دەگرت. بەڵام لای هەمووان ڕوونە

كۆمەڵگەی عێراقی لە چەندین ئاین و ئاینزای دیکە لەخۆدەگرێت، وەك مەسیحی بە مەزهەبەکانییەوە و جولەکە و کاکەیی و صابیئە و یەزیدی و...هتد، هەموو ئەو منداڵ و قوتابی و خوێندکارانەی سەر بەیەکێك لەو ئاین و بیروباوەڕانە بووبێت هەوڵدراوە لە ڕەگ و ڕیشەی ئاینی باوباپیرانی دابڕێنرێت تەنها ئاینی ئیسلام و بیروباوەڕەکەی و مێژوو و کولتوور و نموونە باڵاکانی زەقبکرێنەوە و لە دڵ و دەروونیاندا بچەسپێنرێت. جگە لەوە وەك زانراوە نیوە زیاتری دانیشتوانی عێراق موسڵمانی شیعە مەزهبن و زۆرینەشیان بەڕەگەز عەرەبن، زاڵکردنی تەنها مەزهەبێك بەسەریاندا وایکردوە نیوە زیاتری منالان و قوتابی و خوێندکاران توشی نامۆیی و دڵەڕاوکێ بکات لە نێوان بیروباوڕی باوباپیرانی و ئەوەی لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا بەسەریاندا دەسەپێنرێت. بۆیە دەتوانرێت بوترێت کە ئەم ڕێبازە لە پەروەردە و فێرکردن جیاوازی و ناکۆکی نێوان ئاینەکان و نەتەوەکان و تەنانەت لە ناو خودی نەتەوەی عەرەبدا دروستکربوو و پەرچەکردار و دژایەتی هەبووە.

بەڵام ئەوەی بارودۆخی شاری کەرکوکی وەك شارێکی کوردستانی و زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بووە بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان هەر لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش جیاوازکردوە ئەوەیە کە لەم شارەدا هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەژین و بە ئاین و نەتەوە جیاوازەکانەوە، بەڵام ئەو تایبەت مەندییە وایکردبوو کە تەنها لەم شارەدا هەموو جیاوازییە ئاینی و هەندێجار نەتەوەییش لە پێناو سڕینەوەی سیمای نەتەوەیی کورد لە شارەکەدا وەلا بنرێت. کورد وەك گەورەترین نەتەوەی عێراق لە دوای نەتەوەی عەرەب بە هیچ جۆرێك باس لە جیۆگرافیای وڵاتەکەی نەکراوە جیاواز لە عێراق و لەدەرەوەی جیۆگرافیای عێراق و نیشتمانی عەرەب، بۆ تەنها یەکجاریش باس لە مێژووی هەزاران ساڵەی نەتەوەی کورد نەکراوە وەك پێکهێنەرێکی سەرەکی دەوڵەتی عێراق، لەوە خراپتر هەموو سەرکردە و خەباتگێرانی کورد بە خۆفرۆش و ناپاك و بەکرێگیراو ناو براون.

لە ڕوی زمانیشەوە لە دوای ڕێکەوتنی جەزائیر خوێندن بەزمانی کوردی لە شاری کەرکوك قەدەغە دەکرێت(سالح، ٢٠٠٨، ل١١٧) و دانیشتوانی کوردی شارەکە و نەتەوەکانی تریش وەك تورکمانەکان ناچار دەکرێن بە زمانی عەرەبی درێژە بە خوێندن بدەن و خوێندنی زمان و وێژەی کوردی دەکرێتە بابەتێکی لاوەکی لە پرۆگرامەکانی خویندن بۆ سوککردنی زمانەکەش نەك هەر نەتەوە، بەڵام پێویست بوو منداڵانی کورد زمان و وێژەی عەرەبی لەسەردەمی گومڕاییەوە (العصر الجاهلی) بخوێنن و شارەزاییان دەربارەی هەبێت. مەترسی ئەم فەلسەفەیە بۆ پەروەردە لەوەدابوو کە کاریگەرییەکانی لە مەودای دوور دەر دەکەوتن لەسەر ئەو قوتابی و خوێندکارانەی بە بیروباوەڕێکی ئەوها شۆڤێنی و ڕەگەز پەرست پەروەردە دەکران و ڕەنگە زیادە ڕەویش نەبێت ئەگەر بوترێت ئێستاش کاریگەری ئەو بیروباوەڕە پەروەردەییە بەسەر ئەو کەسانەوە ماوە کە لەو سەردەمەدا قوتابی و خوێندکار بوون.

تەوەری سێیەم: کاریگەری سیاسەتی بەعس لە ئامانج و داڕشتنی پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر ڕەوشی پەروەردە لە شاری کەرکوك:-

حزبی بەعس لە تێڕوانینی بۆ پەروەردە و لەو ئامانجانەی دیاریکردبوو بۆ گۆڕینی سەرلەبەری پرۆسەی پەروەردە لە عێراقدا بە پێی بیروباوەری خۆیان کاریگەری و دەرئەنجامی خراپی لێکەوتەوە بۆ نەتەوەی کورد بەتایبەتیش شاری کەرکوك، بەشێوازیك پەروەردە و فیرکردنیان کردە تەواوکاری

سیاسەتەکانی خۆیان لە بەعەرەبکردن و بەعساندن بەو شیضوەیە خوێندکارانی شەرکەرکوك جیاواز لە هەرشارێکی تری عێراق لە دەبوو لە دۆخێکی ناهەموار و نەگونجاودا درێژە بە خوێندن بدەن و لە چەندین لاوە ئەو دۆخە کاریگەری لە سەر خوێندکارانی ئەو شارە جێهێشت.

لە ڕوی زمانی خوێندنەوە وەك پێشتر باسکرا گۆڕینی زمانی خوێندن بۆ زمانی عەرەبی و قەدەغەکردنی قوتابی و خوێندکارانی کورد لە خوێندن بە زمانی دایك کاریگەری زۆر خراپی هەبوو، چونکە گۆڕێنی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ زمانی عەرەبی بە بڕیارێکی سیاسی بێ پێشینەیەکی زانستی و خۆ ئامادەکردن، لەلایەکەوە قوتابیان و خوێندکارانی ناچارکرد بەزمانی عەرەبی بەردەوامی بە خوێندن بدەن کە ئەمەش کارێکی وائاسان نەبوو، چونکە دەبوو لە ڕووی تێگەیشتن و واتای وشەو دەستەواژە زانستی و ئەدەبییەکانەوە بەو خێراییەی پرۆگرامەکانی تیادا گۆڕا کارێکی قورسبوو فێری زمانی عەرەبی بن و خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا، هەر بۆیە دواکەوتن و دابەزینی ئاستی زانستی و تەنانەت دابڕان لە خوێندنیش شتێکی ئاسایی و چاوەڕوان کراوبوو. لە لایەکی ترەوە ڕاگواستنی بەشێکی زۆری مامۆستایانی کوردی شارەکە و پڕکردنەوەی شوێنەکانیان بە مامۆستای عەرەب و وانە وتنەوە بە زمانی عەرەبی ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان و خوێندکارانی کەمتر دەکردەوە. موکەڕەم تاڵەبانی لەو بارەیەوە نووسیویەتی"ئەو سیاسەتەی دەرکردنەی ڕژێمی بەعس تەنها کرێکارانی نەگرتەوە، بەڵکو هەستاوە بە دەرکردن و ڕاگواستنی مامۆستا و فەرمانبەر و کەسە ئیدارییەکانی کورد لە شاری کەرکوك بۆ دەرەوەی شار و دانانی عەرەب لە شوێنیان"( تاڵەبانی، ٢٠٠٩، ل٤٥).

گۆڕینی بابەتەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن و دانانی بابەتگەلێکی نوێ و نامۆ وهەندێکجار نازانستی و لادان و نەهێشتنی ئەو برگەو بابەتانەی پەیوەندییان بە زمان و ئەدەب و مێژوو جیۆگرافیای کوردەوە هەبوو (سەباح، ٢٠٠٩، ل١٥١) کەبە مەبەستی سڕینەوەی سیمای کوردبوون تەنانەت لە پرۆگرامەکانی خوێندنیشدا ئەنجامدەدرا، بێگومان کاریگەری و کاردانەوەی دەروونی خراپی هەبووە، چونکە یەکێك لە مەرجەکانی پرۆگرامی زانستی بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن ئەوەیە قوتابی و خوێندکار ئامادە بکات و شارەزای بکات بە بارودۆخی کولتووری و سروشتی کۆمەڵگەکەی(..لەبەر ئەوەی پەروەردە ئامانجی ئەوەیە تاك ئامادە بکات بۆ گونجان و ڕاهاتن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری و بەشداربێت لە چارەسەر کردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و کارکردن لە پێناو پێشخستنیدا، پرۆگرامەکانی خوێندن هۆکارێکن بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە)(المفتی والوکیل، ٢٠٠٠، ل٩١). بەڵام حزبی بەعس بەبێ ڕەچاوکردنی هیچکام لە مەرجەکانی دانانی پرۆگرام و گونجانی لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکوك ئەو گۆڕانکارییانەی ئەنجامی دەدا. تەنانەت چاپەمەنییە کوردییەکانی کتێبخانەی کەرکوکیشی گواستەوە بۆ کتێبخانەی نیشتیمانی لە بەغداد بە بیانووی دەوڵەمەندکردنی(سەباح، ٢٠٠٩، ل١٥٢). لەلایەکی دیکەوە حکومەتی بەعس و دەزگاکانی ساڵی ١٩٧٦ لە کەرکوك کەوتنە سوتاندنی ئەو کتێبانەی کەلەمێژووی کورد و کوردستان و کەرکوك دەدوێن و خوێندنی بابەتەکانی مێژووی کوردیشی لە قوتابخانەکان قەدەغەکرد(گوڵ، ٢٠٠٣، ل٣٥). هەر لەو هەڵمەتانەدا حکومەتی بەعس دەستیکرد بە گۆڕینی ناوی قوتابخانەکان و ئەو ناوانەی کوردی بوون کران بە ناوی عەرەبی و چەندین ناوی نامۆ و نەگونجاویان داهێنا کە لەگەڵ مەبەستە

شۆڤێنی و داگیرکارییەکانیاندا بگونجی وەك (ئامادیی کوردستان – عبد الملك بن مروان، قوتابخانەی پیرەمێرد – البکر، قوتابخانەی هندرێن – التامیم، دواناوەندی شۆڕجە – الرسالە، قوتابخانەی سەلاحەدین – البراعم، قوتابخانەی نازەنین – الزنابق، قوتابخانە هەڵگورد – البحتری، قوتابخانەی شۆڕش – جابر بن حیان )(سۆفی، ٢٠٠٣، ل٧٦).

خوێندکاران جگە لە فشاری بەعەرەبکردن دەبوو ڕوو بەڕووی بە بەعسیکردنیش بوەستنەوە، پڕۆسەی بە بەعسیکردن لە ناو دەزگاکانی دەوڵەت و بەتایبەتیش لە ناو دامەزراوە پەروەردەییەکاندا جێی بایەخی زۆری حکومەت بوو، ئەو مامۆستایانەی هاوردە دەکران و دادەمەزران لە شوێن مامۆستایانی ڕاگوازراو و دەرکراو ئەوانەی دژی بەعس وەستابوونەوە بێگوێدانە پسپۆڕی و شارەزایی و کارامەیی دادەمەزران گرنگ ئەوەبوو عەرەبێك دابمەزرێنن کە خزمەتی بیروبۆچوونی حزبی بەعس بکات(فەرەج، ٢٠١٣، ل١٥٦ ) کاری سەرەکی ئەمانە فشار خستنە سەر خوێندکارانی کوردبوو بۆ بوون بە بەعسی لەڕێگەی هەڕەشە و تۆقاندن و هەنێجاریش لە ڕێگەی ڕێکخراوە تایبەتەکانی خۆیانەوە وەك ڕێکخراوەکانی(اتحاد طلبة وشباب العراق) کە ڕێکخراوێکی گەنجانی سەر بە حزبی بەعس بوو، هەروەها هەردوو ڕێکخراوی (الطلائع) لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و ( الفتوة) لە خوێندنگە ناوەندی و ئامادەییەکان کە دوو ڕێکخراوی خوێندکارانی سەر بە حزبی بەعس بوون و لە ناو قوتابخانە و خوێنگەکاندا کارەکانی خۆیان لە ڕێکخستنی قوتابیان ئەنجام دەدا بۆ بەشداربوون و ئەندام بوون لەو ڕێکخراوانە کە سەر بە حزبی بەعس بوون و خوێندکارانیان ناچار دەکرد بە جل و بەرگی سەربازی تایبەتەوە لە گۆڕەپانی قوتابخانە و خوێندنگەکان مەشقی سەربازی ئەنجامبدەن بە سەرپەرشتی و چاودێری مامۆستایان(ئاغجەلەری، ٢٠١٥، ل١٤٩). لەم هەڵمەتانەدا وەك پێشتر باسکرا حکومەتی بەعس هیچ یاسا و ڕێوشوێنێکی زانستی پەیرەو نەدەکرد و هیچ تایبەتمەندییەکی پەروەردەییشی لە بەرچاو نەدەگرت بۆیە لە پێناو بە زۆر سەپاندنی بیروباوەڕی خۆیان و سیخوڕیکردن بە سەر خوێندکاران و مامۆستایانەوە بێ پێویست بوون قوتابخانەکان پڕ کرابوون لە مامۆستای عەرەبی هاوردە، لەم بارەیەوە قوتابخانە هەبووە ساڵی ١٩٧٠ هەموو مامۆستاکانی کوردبوون هەمان قوتابخانە ساڵی ١٩٨٥ تەنها یەك مامۆستای کوردی تێدا نەماوە ئەمە لە کاتێکدا ئەو قوتابخانەیە لە یەکێك لە گەڕەکە کوردنشینەکان بووە(فەرەج، ٢٠١٣، ١٥٧).

بە لەبەر چاو گرتنی ئەوانەی سەرەوە دەتوانرێت بوترێت کە دۆخی پەروەردە لە شاری کەرکوك بە تەواوی گۆڕانی بەسەردا هات و کەشی گشتی ناو قوتابخانەکان بە تەواوی نائارام و ناجێگیر بووە، باری دەروونی قوتابی و خوێندکاران لە ژێر فشاری ڕۆژانەی بەعسییەکاندا بەردەوام لە هەڵچوون و ناجێگیریدا بووە هەموو ئەو وانانەی دەخوێندران وەك پرۆگرامی خوێندن داواکراو بوو سەرەتای بابەتەکان بە وێنەیەکی گەورەی سەرۆکی عێراق و وتەکانی دەستپێدەکرد و بابەتەکانی خوێندنیش کە دەربارەی زمان و ئەدەب و مێژوو و جیۆگرافیا و ...هتد عەرەب بوون بۆ ئەوە دانرابوون خوێندکاری کورد بە نەتەوە و کۆمەڵگەکەی نامۆ بکات ٦ جا پەرچەکرداری خوێندکار هەرچی بوایە وازهێنان لە خوێندن یان بەگژاچوونەوەی ئەو سیاسەتانە هەر خۆی زیانی پێدەگەیشت حکومەتی بەعس لێی سودمەند دەبوو، وەك خۆپیشاندانی خوێندکارانی ئامادەیی (اعدادیة الثورة) کە ساڵی

١٩٨٤ ئەنجامیاندا و هێزی سەربازی و ئەمنی بەعس ڕژانە ناو ئەو ئامادەییەو کەوتنە گیانی مامۆستا و خوێندکاران و لە ناو خوێندنگەکەدا خوێنکار(نەجات سلێمان)یان شەهید کرد ٧. خۆئەگەر خوێندکار درێژەشی بە خوێندن بدایە ئەوا پێویست بوو بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگەکان بیاڵێورایە(تزكية) ئەوجا دەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات، چونکە ئەوە یەکێك بوو لە مەرجەکانی وەرگرتن(فەرەج، ٢٠١٣، ل١٥٨). بەشێکی تر لە خوێندکارانی شاری کەرکوك ئەوانەی لەگەڵ خێزانەکانیان بە زۆرە ملێ ڕادەگوێزران بۆ شارەکانی تری کوردستان یان بۆ پارێزگاکانی باشوری عێراق بەهۆی ئەوەی بەشی زۆری بەخێوکەرەکانیان سەرچاوەی بژێوی و داهاتیان لەدەست دەدا، چونکە یان لە کارەکانیان دور دەخرانەوە یان سەرچاوەی داهاتیان دەستی بەسەردا دەگیرا ناچار دەبوون هەوڵی دابینکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکانیان بدەن و واز لە خوێندن بهێنن(فەرەج، ٢٠١٣، ل١٩١).

ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێت ئەوەیە کە قوتابیان و خوێندکارانی شاری کەرکوك ئەوانەی لە ناو شاری کەرکوك دەمانەوە و ئەوانەشی کە ڕادەگوێزران ئاستەنگ و کۆسپەکانی بەردەم بەردەوامیدان بە خوێندن لە بەردەمیاندا زۆر بووە، زیاتر لە هەر پارێزگایەکی تری عێراق حکومەتی بەعس فشارەکانی بۆ سەر دامەزراوە پەروەردەییەکانی ئەو شارە زۆر توندتر بووە و لە دۆخێکی واداا بەردەوامیدان بە خوێندن و سەرکەوتن لە خوێندندا کارێکی ئازایانە و سەرکێشی و لە خۆبوردن و قوربانیدانی پێویست بووە.

## دەرئەنجام

یەکەم// پەروەردە لە هەر شوێنێک و وڵاتێک بێت ڕەنگدانەوەی بنەما و ئاکارە ڕەوشتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە، هەربۆیە حکومەتی بەعسی عێراق هەوڵیدەدا لەو ڕێگەیەوە کۆمەڵگە لە عێراق بە گشتی و شاری کەرکوک بەتایبەتی ببەعسێنێت.

دووەم// حزبی بەعس هەوڵیداوە لەرێگەی پەروەردەوە بنەما فکریەکانی خۆی تایبەت بە کۆمەڵگەی عێراقی لەتەواوی عێراقدا بسەپێنێت بەسەر هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا. کە ئەو بنەما فکریانە لە بیروباوەڕە نەتەوەی شۆڤێنییەکانەوە سەرچاوەی گرتبوو.

سێیەم// حکومەتی بەعس لە عێراقدا هەوڵیداوە هەموو بیروباوەڕەکانی خۆی لە چوارچێوەی پڕۆگرامەکانی خوێندندا دابڕێژێت و بەبێ بەرنامەیەکی تۆکمە و زانستی هەموو ئامانج و تێروانینەکانی بەپێی قۆناغ و پڕۆگرامەکانی خوێندن جێکردبوویەوە، هەر لە باخچەکانی منالانەوە تاوەکو دەگاتە زانکۆکان.

چوارەم// حکومەتی بەعس لە عێراقدا هەوڵیدەدا لە ڕێگای پڕۆگرامەکانی خوێندنەوە سیمای نەتەوەی و جیاوازیەکانی هەموو نەتەوە و بیروباوەڕێکی ئایینی جیاواز لە عێراقدا بسڕێتەوە و لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا بیانتووسنەوە.

پێنجەم //حکومەتی بەعس لە ماوەی دەسەڵاتیدا، پەوەردە بکاتە ئامڕازێك بۆ زیاتر چەسپاندنی بەعەرەبکردن و بەعساندنی شاری کەرکوك.

# ليستی سەرچاوەكان

**كتێبە كوردیەكان**

١. د. پشكۆ حەمەتاهیر ئاغجەلەری:شاری كەركوك لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٧٧لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی – سیاسی، سەنتەری لیكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان،سلێمانی، ٢٠١٥.
٢. سنور سەباح سدیق: مێژووی سیاسەتی بەعەرەبكردن لە پارێزگای كەركوك ١٩٦٣ – ١٩٩١، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس،هەولێر، ٢٠٠٩.
٣. حەمید عەبدوڵڵا سالْح: سیاسەتی تەعریب لە شاری كەركوك شیكردنەوەیەكی جوگرافی _ سیاسی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٨
٤. سۆزان كریم مستەفا: بەعسیزم و كوردتوێژینەوەیەكی مێژوویی سیاسی یە،مەكتەبی بیرو هۆشیاری(ی،ن،ك)، سلێمانی ،٢٠٠٧،ل٩٧ – ٩٨.
٥. لەتیف فاتیح فەرەج: كورد و كەركوك، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، كەركوك، ٢٠١٣.
٦. مارف عومەر گوڵ: جینۆسایدی گەلی كورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا،چاپی دووەم، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٧. محەمەد سەعید سۆفی: پارێزگای كەركوك لە ناو پاكتاوی ڕەگەزیدا، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٨. یوسف عوسمان حەمەد: تیۆرییەكانی پەروەردەو پەروەردە، هەولێر ، ٢٠٠٥.

**كتێبە عەرەبیەكان**

٩. ابراهيم خليل احمد: تطور التعليم الوطنى فى العراق، چ١، چاپخانەی زانكۆی بەسرە، ١٩٨٩.
١٠. احمد جوده: تاريخ التربيه والتعليم فى العراق واثره على الجانب السياسى ١٥٣٤ -٢٠١١، بەشی ٢، شركه نورس بغداد للطباعه، بغداد، ٢٠١٢.
١١. الاستاذ الدكتور عماد متعب الزهيرى: التربيه والتعليم فى العراق (١٩٦٨ – ٢٠٠٣)، دار دجله للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٧.
١٢. امل عبدالرحمن: مستخلصات تربيويه لرسائل الدكتوراه والماجستير، جمهوريه العراقيه، وزاره التربيه، المديريه العامه للتخطيط التربوى، التوثيق والدراسات، المكتبه الوثائقيه، ١٩٨٣.
١٣. الدكتور عبدالله عبدالدائم: التربيه فى البلاد العربيه حاضرها ومشكلاتها ومستقبلها، ط٣، دارالعلم للملايين، بيروت،١٩٧٩.
١٤. الدكتور محمد امين المفتى و الدكتور حلمى احمد الوكيل: توجيه وارشاد التلاميذ فى النشاطات والمناهج المدرسية، ط٢، دار الكتب الثقافية، القاهرة،٢٠٠٠
١٥. رافده الحرير: نظم وسياسات التعليم وتطويرها فى دول مجلس تعاون الخليجى، ط ٢، عمان، ٢٠١٨
١٦. ساطع الحصرى: مذكراتى فى العراق، ١٩٢١ – ١٩٤١، جزء الأول، منشورات دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٨.
١٧. صادق ابراهيم محمد (الاختصاصى التربوى الاول): الفلسفة والسياسة والاهداف التربوية، مديرية تربية محافظة الانبار، وحدة التدريب، ١٩٧٧.

**نامە زانكۆییەكان**

١٨. الاستاذ المتمرس دكتور جميل عبد الهادى السبتى: عوامل و القوى الثقافية المؤثرة فى تجربة

التخطيط التربوى، مجلة علوم النفسية، كلية التربية، العدد،١٧، كانونى الأول ٢٠١٠.
١٩. اسن عثمان حسين عمر: نشاة و تطور التعليم فى كركوك ١٨٦٩ــ١٩٣٩، جامعة تكريت، كلية علوم الانسانية، قسم التاريخ، (رسالة ماجستير غير منشورة)، ٢٠١٨.
٢٠. حيدر غانم عبدالمحسن: موقف المجلس النيابى العراقى من حركة التعليم فى العراق ١٩٣٥ – ١٩٣٩ ،جامعة الكوفة، كلية الاداب، (رسالة ماجستير غير منشورة) ٢٠١١.
٢١. رحيم حسن محمد الشامى: تطورالتعليم فى العراق ١٩٦٨- ١٩٧٩، جامعة كوفة، كلية اداب، قسم التاريخ، (اطروحه دكتوراه غير منشورة)، ٢٠١٢.
٢٢. ژيله كاوه عثمان: التعليم فى مدينة كركوك ١٩٢٦- ١٩٦٨، جامعة سليمانية، كلية علوم الانسانية، قسم التاريخ، (رسالة ماجستير غير منشورة)، ٢٠١٨.

**گۆڤارەکان**

٢٣. حكمت البزاز: السياسة التربوية فى العراق، ١٩٧٨، مجلة المعلم الجديد، بغداد، جزء الاول، مجلد اربعون.
٢٤. عبدالحسين احمد زويلف و نهاد خالد جعفر:مستخللصات تربوية،العدد١١٧،سلسلة مستخلصات تربوية رقم ٣،بغداد، ١٩٧٩.
٢٥. مكرم طالبانى: مراحل تطور الحركة القومية الكوردية، المجلد الاول، منشورات مؤسسه حمدى للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٩.
٢٦. م. م. احمد مرى حسن البنداوى: تطور التعليم فى العراق من ١٩٤٠ الى  دراسة تاريخية، ١٩٦٨، ٢٠١٥، مجلة دراسات التربوية، المديرية العامة للتربية فى بغداد/ الرصافة الثانية، العدد ٣٠.
٢٧. وقائع الكاملة للندوة العلمية حول (توجيه المناهج ووسائل التدريس لتعزيز شخصيه الطالب وثقته بنفسه واتخاذ القرار) المنعقدة فى بغداد للفترة ٨-١٩٨٢\١٢\١٩، الجزء الاول، العدد١٩١، ١٩٨٤.
٢٨. الجمعية العراقية للعلوم التربويه والنفسية، وقائع وبحوپ المؤتمر الفكرى الاول للتربويين العرب، بغداد، الجزء الثانى، ١٩٧٥.
٢٩. المؤتمر التربوى التاسع المنعقد فى بغداد للفتره ١٨-١٩٨٣\١٠\١٢، التقرير النهائى والتوصيات ومجموعه الدراسات والبحوپ، الجزء اليانى،العدد٢٠٠، ١٩٨٦.
٣٠. المؤتمر التربوى العاشر المنعقد فى بغداد للمدهمن٢٧-١٩٨٤\١١\٢٩، التقرير النهائى والتوصيات ومجموعه الدراسات والبحوث، ١٩٨٤.

**چاوپێکەوتن**

٣١. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ مامۆستا موعتەسەم ساڵەیی لە دایك بووی ساڵی ١٩٥٣ شاری کەرکوك و سەرپەرشتیاری خانەنشین،کەرکوك، چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٧.
٣٢. چاوپێکەوتنی تویژەر لەگەڵ مامۆستا شێرزاد فاتیح محەمەد لەدایك بووی ساڵی ١٩٤٨ شاری کەرکوك و سەرپەرشتیاری خانەنشین، کەرکوك، شەممە، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٢٧.

**سایت**

٣٣. محمد مروان: ماهو تعريف النظام، ٣٠/نوفمبر ٢٠٢١. بەرواری سەردانی کردن ٢٠٢٢/٣/٢٦:
https://mawdoo3.com/%D9%85%D8%A7_%D9%87%D9%88_%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D9%8A%D9%81_%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%B8%D8%A7%D9%85